له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# چەواشەكاری و ئاوەژووكردنی ڕاستیە مێژووییەكان

لێكۆڵینەوەیەكی شەرعی ، وزانستی ، ولۆژیكیە ، سەبارەت بەوەی

## كە ئایا پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ كەسێكی نەخوێندەوار یان خوێندەوار بووە ؟!!

ئامادەكردنی

عدنان بارام كەلاری

-----------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی ئامادەکار

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

**أَمَّا بَعْدُ :** فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

چیرۆکی کێشمانەکێش وململانـی نێـوان چـاکە وخراپـە ، وڕەوایـی ونـاڕەوایی چیرۆکێکی زۆر کۆنە ، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بۆنی مـرۆڤ لـە سـەر گۆی زەوی ، وبەردەوامیش دەبێت تاکو مرۆڤ بوونی هەبێت لە سـەری پانتـایی ئـەم زەویە .

بۆیە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ـ پێش هەزار و چوارسـەد سـاڵ لەمەو پێش ـ لێشاوی ئەو گومانانە دەستیپێکردووە و نەوەستاوەتەوە کە گومانداران دوژمنانی ئەم ئایینە دەیانخستە ڕوو ، بۆ گومان درووستکردن لە سەرچاوەکانی : کە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ ، یـان سـەبارەت بـە خـودی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، یان سـەبارەت بـە هـەموو ئـەو بنـەوا ، و زانیاریانـەی کـە هێناویەتی ، وە بەردەوامیش هەمان گومانی کۆن ، بەڵام لە چەندەها پۆشاکی نـوی

و مۆدرێندا ، ڕەواج پێدەرانی هەوڵیان داوە پۆشاکێکی زانستی بە سەردا بپۆشن ، پاشان بیخەنە ڕوو .

بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئایین ئیسلام لەم بارەیەوە ، سەرەڕای ئەوەی کە ئایینێکە کە خوای پەروەردگار کۆتایی ئایینەکانی پێهێناوە ، و دوا بازنەی پەیوەندیە لە بازنەکانی پەیوەندی لە گەڵ ئاسماندا ، دەبینین لە نێو هەموو ئایینەکانی تر کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی ـ ئاسمانی بن یان مرۆڤکرد ـ زیاد لە هەموو ئەو ئایینانە کەوتۆتە بەر لێشاوی گومانەکان .

دەبینین ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە درێژایی مێژووی کەوتۆتە بەر شالاوێلێکی درندانە لە هەموو لایەکەوە ، هیچ ئایینێکی تریش لە ئایینەکان وەکو ئیسلام ڕوو بەڕووی ئەوە نەبووەتەوە کە ئیسلام تووشی دەبێت لە ڕاگەیاندنەکانەوە ، لە ستەمی ئاشکرا ، وبوختیانی درۆ .

ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە نەزانی و جەهالەتێکی زۆر هەیە سەبارەت بە ڕاستی ئاینی ئیسلامی پیرۆز و هەموو بنەماکانی کە هێناویەتی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە هەموو کوێرەوەریەکانی ژیان .

لەو لاشەوە بەرەنگار بوونەوە و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەموو لێشاوە گومانانەی کە دەخرێنە ڕوو ، پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی زانستی گەورە هەیە ، ئەوەش بۆ ئاشکراکردنی شێوەی ڕاستی ئایینی ئیسلامی پیرۆز ، لە گەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو هەوڵ و کۆششە لە بوارێکی گەورەتر ، و فراوانتردا .

بێگومان زانایانی ئیسلام ـ بە درێژایی مێژووی پرشنگداری ئیسلام ـ کەم تەرخەمیان نەکردووە لەو کارەدا ، هەر یەکەو بەو شێوە ، و شێوازەی کە بە باشیان زانیوە ، ئەو کارەیان ئەنجام داوە ، بەڵام ئەوەندەیە پێویستی بە کۆکردنەوە ، و دارشتنەوەیەکی نوێی هەیە ، بۆ ئەوەی بەزمانی سەردەم لە گەڵ گومانداارانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت ، چونکە هەموو سەردەمێك زمان ئاخاوتن و لۆژیکێکی تایبەت بە خۆی هەیە .

بۆیە بە پیویستم زانی یەکێك لەو شوبهانە بخەمە ڕوو ، و بە گوێرەی پێویست بەرپەرچی بدەمە ، و ڕووی ڕاست ودرۆی ئەو شوبهە ئاشکرا بێت : ﴿ لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ ﴾ ( سورة الأنفال : ٤٢ ) ، ئەوەش لە ژێر ناونیشانی : ( **چەواشەکاری و ئاوەژووکردنی ڕاستیە مێژووییەکان : لێکۆڵینەوەیەکی شەرعی ، و زانستی ، و لۆژیکی یە، سەبارەت بەوەی کە ئایا پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ کەسێکی نەخوێندەوار یان خوێندەوار بووە ؟!!** )

داواکارم خوینەر بە هزرو بیر و هۆشی خۆی بیخوێنێتەوە ، و بڕیاری لە سەر بدات ، و واز لە لاسایی کردنی تووتی ئاسای بهێنێت ، چونکە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کۆتکردنی مێشکە ، و مرۆڤیش لەوە گەورەترە هزر و مێشك تیڕامانی خۆی کۆت بکات و لە کاری بخات بۆ کەسانێکی تر ، داواکاریشم هەولێك بێت بۆ ئاشکرا کردنی ڕووی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز ، مەبەستیش تەنها خوای پەروەردگارە ، و خوای پەروەردگاریش چاکەی چاکەکاران وون ناکات .

ئامادەکار

کەلار / زستانی / ٢٠٠٦ ز

**❑ حیکمەت چیە لەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ کەسێکی ئوممی و نەخوێندەوار بووە ؟!**

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) .

پێشەوا ( ابن كثير ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : (( واتە : ئەی محمد ﷺ تۆ تەمەنێکت لە ناو گەلەکەدا بەسەر بردووە ، پێش ئەوەی ئەم قورئانەیان بۆ بهێنیت ، بێ ئەوەی بتوانیت پەڕتوکێك بخوێنیتەوە ، یان توانای نووسینت هەبێت ، هەموو تاکێکی گەلەکەت ، و جگە لەوانیش ئەوەیان دەزانی کە تۆ پیاوێکی نەخوێندەواریت ، نە دەتوانیت بخوێنیتەوە ، و نەش دەتوانی بنووسیت ، ... خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو ﴾ ، واتە : نەت دەخوێندەوە ، وە فەرموویەتی : ﴿ مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ ﴾ ئەم ووتەیە بۆ دووپاتکردنەوەی نەخوێندەواریەتی ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ﴾ هەروەها جارێکی تر دووپاتکرنەوەی ئەو ووتەیەیە ، ... وە فەرموویەتی ﴿ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ واتە : <u>**ئەگەر تۆ ئەوەت بزانیبایە ، ئەو کاتە هەندێك لە خەڵکی نەزان تووشی دڵە ڕاوکی دەبوون ، و دەیان ووت : ئەمەی کە هێناویەتی لە پەڕتوکەکانی پێش خۆی فێری بووە ، کە پاشماوەی پێغەمبەرانە !! سەرەڕای ئەوەش کە دەیانزانی**</u>

**کەسێکی نەخوێندەواری !! و توانای نووسینیشت نیە !!! کەچی ئەو تۆمەتەیان هەر داوەتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ )) [1] .**

وە پێشەوا ( البغوي ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : (( ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو ﴾ ئەی **محمد** ﴿ مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ ﴾ پێش ئەوەی ئەم پەڕتوکەت ـ واتە : قورئانی پیرۆزت ـ بە سەردا دابەزێت ﴿ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ﴾ و نەشت دەنووسیەوە ، واتە : پێش سرووش ( وەحی ) تۆ نە خوێندەواریت هەبوو نەش دەتنووسیەوە ﴿ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ **ئەگەر وابایە و تۆ توانای نووسینت هەبوایە ، و پەڕتوکت بخوێندایەتەوە لە پێش دابەزینی سرووش ، ئەو کاتە نارەواویستانی بتپەرسی خەڵکی مەککە تووشی گومان دەبوون ، و دەیانووت : لە پەڕتوکی پێشینەکان دەخوێنێتەوە ، و شتیان لێ وەردەگرێت ...!!! ))** [2] .

وە پێشەوا ( السعدي ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو بارەیەوە فەرموویەتی : (( ومما يدل على صحته ـ أي القرآن ـ ، أنه جاء به هذا النبي الأمين ، الذي عرف قومه صدقه ، وأمانته ، ومدخله ومخرجه ، وسائر أحواله ، وهو لا يكتب بيده خطا ، بل ولا يقرأ خطا مكتوبا . فإتيانه به في هذه الحال ، من أظهر البينات القاطعة ، التي لا تقبل الارتياب ، أنه من عند الله العزيز الحميد ، ولهذا قال : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو ﴾ ، أي :

---

[1] ( تفسير القرآن العظيم ، المكتبة التوفيقية / ج ٥ ، ص ١٥٤ ، **یان بڕوانە** : تفسير القرآن العظيم ، مكتبة الصفا / م ٣ ، ج ٦ ، ص ١١٨ ـ ١١٩ ، **وە یان بڕوانە** : تفسير القرآن العظيم ، دار الفكر / ج ٣ ، ص ٤١٨ ) .

[2] ( معالم التنزيل : ج ٣ ، ص ٤٧١ ) .

تقرأ ، ﴿ مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ﴾ لو كنت بهذه الحال ﴿ لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ فقالوا : تعلمه من الكتب السابقة ، أو استنسخه منها )) [1] .

واتە : ئەوەش کە بەڵگە بێت لە سەر ڕاستی قورئانی پیرۆز ، ئەوەیە کە ئەم پێغەمبەرە نەخوێندەوارە ﷺ هێناویەتی ، ئەو کەسەی کە گەلەکەی زانیویانە کەسێکی ڕاستگۆیە ، و کەسێکی دەست پاك و ئەمینە ، و دەشت و دەریان زانیوە ، لە گەڵ هەموو بارێکی ژیانی ، لەوەش بەئاگا بوونە کە بە دەستی خۆی هیچ شتێکی نەنووسیەتەوە ، بەڵکو هیچ نووسینێکی نووسراوی نەخوێندوەتەوە ، بۆیە هێنانی بۆ قورئانی پیرۆز و لەم حاڵەدا گەورەترین بەڵگەیەکی بیانوو برە ، و جێگەی گومانیش نیە کە ئەو قورئانە لە لایەن خوای پەروەردگاری بەتوانایە ، بۆیە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو ﴾ ، واتە : نەتخوێندووەتەوە ، وە فەرموویەتی : ﴿ مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ﴾ ، ئەگەر بەم شێوەیە بیایەی : ﴿ لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ، و دەیانووت : لە پەڕتوکەکانی پێش خۆی فێری بووە ، یان لەوانەوە وەریگرتووە ، و لەسەریان نوسیویەتیەوە !!!

لەو باوەڕەدا نیم کە خوێنەری بەڕێز ـ دوای ئەو ڕوونکردنەوانە ـ ئەوەندە بێ ئاگا بێت پێویست بکات بەوەی کە بۆی ئاشکرا بکرێت کە نەخوێندەوارێتی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەیە لە سەر پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ !! بۆیە دەبینین دوژمنانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە هەر بڕوبیانویەکەوە بێت هەوڵی ئەوەیان داوە

[1] ( تيسر الكريم الرحمن / دار العاصمة : ص ٦٣٣ ، تيسر الكريم الرحمن / مؤسسة المختار : ص ٦٨٧ ، تيسر الكريم الرحمن / المكتبة التوفيقية : ص ٦٩٨ ) .

کە وادەربڕن کە پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ کەسێکی خوێنەوار بووە ئەوەش بۆ ڕێگە خۆشکردن ـ بە گومان و خەیاڵی خاوی خۆیان ـ بۆ ئەوەی لە دەرەنجام و ئاکامدا ئەوە بسەلمێنن کە بە هۆی زیرەکی و خوێندەواریەکەیەوە توانیویەتی ئەو قورئانە بنووسێتەوە !!!

بەرهەڵستکاران ـ لە کۆن و تازەدا ـ ئەو ڕاستیەیان زانیوە کە کەسێکی نەخوێندەوار هەرگیز ناتوانێت شاکارێکی بێ وێنە لەو جۆرە بهێنێت ، چونکە زانیاری مێژوویی پێشینەکانی تێدایە کە بە خوێندەواری و فێربوون نەبێت کەس لێیان بە ئاگا نابێت ، جا ئەگەر وا نەبوو ئەو زانستانە لە سەروی توانای مرۆڤەوەیە ، لە بەر پەنهانێتی شتەکان .

وە لەو لاشەوە بە هەمان شێوە باسی ئەو شتانەی تێدا کراوە کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن ـ واتە : ئەو شتانەی کە پەنهان و غەیبن ـ .

بۆیە شاکارێکی ئا لەو جۆرە پێویستی بە خوێندەواریی هەیە ، بە بێ ئەوەش دەربڕینی ئەو شتانە زانینی پەنهانیەکانە ، زانینی پەنهانیەکانیش جگە لە خوای پەروەردگار نەبێت لە توانای هیچ کەسێکدا نیە .

جا لەبەر ئەوەی نە خوێندەوار بووە ، و بە ئاگاش نەبووە لە پەنهانیەکان ، کەواتە ئەبێت پەیوەست بوو بێت بە هێز و زاتێکی سەرووی توانا مرۆڤیەکانەوە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو هێزەی کە پێوە پەیوەست بووە خوای پەروەردگارە ، و ئەوەش بە هێنانەوەی چەندەها بەڵگەی هەست پێکراوی بەرجەستە و مەعنەوی ، وە لە سەرووی هەموو ئەو بەڵگانەشەوە

خودی قـورئانی پیرۆزە ، چونکە ئەگەر ئەوەمان لا جێگیر بوو کـە نەخوێنـەوار بـووە ئەبێت باوەڕ بەوە بهێنین نووسینی خۆی نیە بەڵکو پێغەمبەری خوایە ﷺ .

کەواتە حیکمەت لـەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ کەسـێکی ئـومی و نەخوێندەوار بووە ، ئەوەیە کە ئەگەر خوێندەوار ببایە ﴿ لاَرْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ واتـە : خەڵکانێك تووشی دڵە ڕاوکی دەبوون لەوەی کە قورئـان لـە لای خـوا وەیـە ، بۆیـە دۆژمـنانی ـ کۆن بن یان نوێ وە لە ژێر هەر ناونیشانێکەوە ـ هـەموو هـەوڵێکیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی گومان بخەنە دڵی موسڵمانانەوە لەو بارەیەوە وە لـە کۆتایشـدا بڵێن ـ ئەمە ئەگەر بە خەیاڵی گلاویشیان بتوانن نەك لە ڕاستیدا ئەوە بسەلمێنن !! ـ ئەو قورئانە ئاکامی خوێندەواریتیەتی !!

## ❑ مەرام و مەبەست چیە لەم شوبهەیە ؟!!

دکتور ( فاضل صالح السامرائي ) لە بارەی مەرام و مەبەستی ئەو کەسانەی کە ئەم شوبهەیە ئەخەنـەڕوو دەفـەرمووێت : " وقد حاول قسم من المشككين أن ينفوا عنه صفة الأمية هذه ؛ لأن سرده لأخبار الأقدمين وما في التوراة والانجيل من دون تعليم أحد له أو قراءة يدل على نبوته ﷺ بما لا مجال فيه للمكابر ، فحاولوا أن ينفوا عنه صفة الأمية ، ولكن أنى لهم هذا ، فإنه لا يسعفهم شيء من الخبر اليقين ، إذ المتواتر تاريخيا بإجماع أهل العلم : أنه كان أميا لا يقرأ و لا يكتب ، قال الله تعالى : ﴿

وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) ))[١] .

واتە : هەندێك لەو کەسانەی کە گومان دەخەنە دڵی موسڵمانانەوە ، هەوڵی ئەوەیان داوە کە خەصڵەتی نەخوێندەواری لێ دووربخەنەوە ، چونکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێشینەکان ، و ئەوەش کە لە ( التوراة ) ، و ( الانجیل ) یشدا هەیە بێ ئەوەی کەسێك فێری بکات ، یان توانای خوێندنەوەی هەبێت ، بەڵگەیە لە سەر پێغەمبەرایەتی ئەو ﷺ بە شێوەیەك هیچ جێگەی ڕەتکردنەوەی نەبێت ، بۆیە دەبینین هەوڵیان خستۆتەگڕ بۆ ئەوەی خەصڵەتی نەخوێندەواری لێ دووربکەنەوە !! بەڵام ناتوانن ئەوە بسەلمێنن ، چونکە بێگومان هیچ بەڵگەیەکی مێژووی نیە پشتیوانیان بێت لەو ووتەیەیاندا ، چونکە بە موتەواتری پێمان گەشتووە و زانایانیش کۆڕان لە سەری کە : ئەو ﷺ پیاوێکی نەخوێندەوار بووە ، توانای خوێندنەوە ، و نووسینیشی نەبووە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) .

دەبێت ئەوەش بزانین کە بانگەشەکارانی ئەم شوبهەیە لە ڕەشنووسەکانیاندا ـ بێ گومان ـ نایانەوێت چاکەیەك بۆ پێغەمبەری ئیسلام ﷺ بسەلمێنن ، بەوەی کە پیاوێکی خوێندەوار بووە ! نووسین و خوێندنەوەی زانیووە !! بەڵکو دەیانەوێت بگەنە مەرامی گڵاویان کە ئەویش ئەوەیە کە ئەو قورئانە لە نووسینی خۆیەتی نەك لە لایەن خواوەیە !!! وەکو بڵێت مەحەك و پێوەر لەم باسەدا ـ واتە : هێنانی قورئانی

---

[١] ( نبوة محمد من الشك إلى اليقين : ٥٣ ) .

پیرۆز ـ خوێندەواری و نەخوێندەواریەتی !! بێ ئاگا لەوەی کە مەرج نیە هەرکەسێك خوێندەوار بێت بتوانێت ببێتە نووسەرێکی بلیمەت و دوابەدوای ئەوەش بتوانێت شاکارێکی وەکو قورئان بێنێت !!!

بۆیە دەبینیت ( ڕەشنووسەکان ) دەڵێن : لە شاری مەککەدا کە جێگەی لە دایك بوونیەتی خوێندەوارێکی زۆر هەبوون کە توانای نووسین و خوێندنەوەیان هەبووە ، ئەی بۆ محمد ﷺ نەخوێندەوار بوو بێت ؟!!

کەوەدەنێتی ( گێلی ) ڕەشنووسان گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی ئەمە تێڕامان ، و بیرکردنەوەیان بێت !! ئەی جا بۆ هەموو خوێنەران و نووسەرانی مەککە نەیانتوانی شاکارێکی لەو جۆرە بهێنن ؟! ئەی بۆ هەموو باوەڕیان پێ هێنا و ملکەچی بوون کە چەندەها ڕەوانبێژ ، و شاعیرییشیان تێدابووە ؟! کەچی هەمووشیان وەکو نووسەری قورئان ـ بە گومانی ئەوان ـ لە ئەو پەڕی ڕەوانبێژی و خوێندەوارێتیدا بوون !!

ئەی بۆ خەڵکی مەککە لە هیچ لە هەڵوێستەکانیان بانگەشەی نەخوێندەوارێتی ( محمد ) ـیان ﷺ بە درۆوە نەخستەوە ـ سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و کۆششەیان بۆ دۆزینەوەی بیانوویەك بۆ بەدرۆ خستنەوەی !! ـ خۆ ئەوان باش بە ئاگا بوون بە سەرگوزەشتەو حاڵ و ژیانی ئەو ؟!

بەڵکو بگرە بە پێچەوانەوە باوەڕیشیان وا بوو کە کەسێکی نەخوێندەوارە ، چونکە دەیانووت : هەروەکو خوای پەروەردگار سەبارەت بەوان فەرموویەتی : ﴿ وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ ( الفرقان : ٥ ) ، مەبەستیان لە ووشەی : (( اكْتَتَبَهَا )) ئەوەبوو کە : بۆی نووسراوەتەوە ، و بە سەریدا

دەخوێنرێتەوە بەیانیان ، و ئێواران ، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر باوەڕبوونیان بە نەخوێندەواریێتی ئەو ﷺ .

ئا بەم شێوەیە بەرهەڵستکارانی ئەم ئایینە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێنەوە !!! بە دەوری ئەو شوبهەیەی کە دەڵێت : قورئان لە نووسینی مرۆڤە نە ووتەی خوای پەروەردگار !!!

ئەی چی دەڵێن : سەبارەت بەو بەسەرهاتە مێژوویانەی کە ڕابردوون ، یان سەبارەت بەو داهاتوانەی کە هەروەکو ئەو فەرموویەتی ڕوویان داوە ؟!!

ئایا بلیمەتی لە شتانێکی ئەوتۆدا ڕۆڵی دەبێت ؟!!

ئەی باشە بۆ ئەو شاکارەی نەداوەتە پاڵ خۆی ، بەڵکو داویەتیە پاڵ یەکێکی تر ؟!! ئەی خۆ هەموو خەڵك پێیان خۆشە بەچاکە باس بکرێن لەوانەی کە هی خۆیان نیە !! جا بۆچی ئەم تەبەڕا دەکات لەوەی کە هی خۆیەتی ؟!

شتی وا ناتەبایە لەگەڵ لۆژیك و مەنتقی عەقڵدا ـ ئەو لۆژیك و مەنتقەی کە وەکو جاجکە تاڵەی بن ددانیان هەموو جارێك دەیجوێنەوە ـ بگرە ناکۆکیشە لە گەڵ هەست و ویستی مرۆڤەکان ، کە لە سەر ئەوە پەروەردە بوون کە شانازی و بوغراییان تووشبێت بە هۆی کردەوەکانیانەوە !!

# ووشەی ( الأمي ) لە زمانەوانی
# و لە لای ڕاڤەوانانی قورئانی پیرۆز

خوێنەری بەڕێز : پاشان با بزانین ووشەی : ( الأمي ) لە زمانەوانی و ڕاڤەی ڕاڤەکارانی قورئان چۆن هاتووە ، و لێك دراوەتەوە بۆ ئەوەی ڕووی ڕاست و هەڵەی ئەم شوبهەیە زیاتر ئاشکرا بێت .

**❑ لێکدانەوەی ووشەی ( الأمي ) لە زمانەوانی و لە لای ڕاڤەوانانی قورئانی پیرۆز :**

بانگەشەکارانی شوبهەی ئەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ کەسێکی خوێنەوارە !! لە ڕەشنووسەکانیاندا ـ بە پێی ئارەزووەکانیان ـ ووشەی ( الأمي ) بە شێوەیەك لێك دەدەنەوە بۆ ئەوەی ئەو شوبهەیەیان لە دڵی خوێنەراندا جێ بکەنەوە ، و پۆشاکێکی زانستیانەی بکەنە بەر ، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە لێرەدا ـ بێ ئەوەی ئاماژە بە چەواشەکاریەکانی ئەوان بکات ـ ئەم ووشەیە بە شێوەیەکی زانستیانە لێك دەداتەوە لە ڕووی زمانەوانی ، و لە ڕوانگەی زانایانی زمانەوانیەوە ، و پاشان لەلای ڕاڤەوانانی قورئانی پیرۆز ، بە دەرکەوتنی ئەو ڕاستیە ، و بەوەش ڕاستی ووتەکانیان بۆ خوێنەران دەرکەوێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ ﴾ ( سورة يونس : ٣٢ ) ، واتە : لەدوای ڕاستی چی هەیە جگە لەگومڕایی نەبێت !!

## یەکەم : ووشەی ( الأمي ) لە لای زانایانی زمانەوانی :

بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئـەو شـوبهەیەی کـە دەخرێتـە ڕوو ، دەگەڕێنـەوە بـۆ لای زانایانی زمانەوانی ، چونکە شارەزاترین کەسانێکن کە لە واتای ووشەکان تێبگەن ، نەك ڕەشنووسە تووتی ئاساکانی ئەم سەردەمە .

( ابن منظور ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو بارەیەوە فەرموویـەتی : " والأُمِّيُّ الذي لا يَكْتُبُ ، قال الزجاج : الأُمّيُّ الذي على خِلْقَةِ الأُمَّةِ ، لم يَتَعَلَّمُ الكِتاب ، فهو على جِبلَّتِهِ ، وفي التنزيل العزيز : ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ ﴾ قال أبو إسحاق : معنى الأمي : المنسوب إلى ما عليه جَبَلَتْهُ أُمُّهُ ، أي : لا يَكتُبُ فهو في أَنه لا يَكتُب أُمِّيٌّ لأن الكِتابة هي مُكْتسَبَةٌ فكأَنه نُسِب إلى ما يُولد عليه أي على ما وَلَدَته أُمُّهُ عليه " [1] .

واتـە : ( الأمي ) ئـەو کەسـەیە کـە توانـای نووسـینی نیـە ، ( الزجاج ) فەرموویەتی : ئەو کەسەیە کە لە سەر بنەڕەتی ئومەت ماوەتەوە ، بێ ئەوەی فێـری نووسین ببێت ، بۆیە لە سەر نەریتی خۆیەتی ، هەروەکو لـە قورئانـدا هـاتووە : ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ ﴾ ، ( أبو إسحاق ) سـەبارەت بـە واتـای ( الأمي ) فەرموویەتی : ئەو کەسەیە کە لە سەر ئەو نەریتە ماوەتەوە کە دایکـی لـە سەری پەروەردەی کردووە ، واتە : نانووسـێت ، بۆیـە پـێی دەووترێـت : ( الأمي ) ،

---

[1] ( لسان العرب : ج ١٢ ، ص ٣٤ ) .

چونکە نووسین سیفەتێکی وەرگیراو ، و بەدەست هێنراوە بە هۆی فێربوون ، هەروەکو بلێیت دراوەتە پاڵ ئەوەی کە لە سەری لە دایك بوو بێت .

هەروها فەرموویەتی : (( وقيل لسيدنا محمد رسول الله الأمي ، لأن أمة العرب لم تكن تكتب ولا تقرأ المكتوب ، وبعثه الله رسولا وهو لا يكتب ولا يقرأ من كتاب ، وكانت هذه الخلة إحدى آياته المعجزة ، لأنه تلا عليهم كتاب الله منظوما تارة بعد أخرى بالنظم الذي أنزل عليه ، فلم يغيره ولم يبدل ألفاظه ، وكان الخطيب من العرب إذا ارتجل خطبة ثم أعادها زاد فيها ونقص ، فحفظه الله ـ عز وجل ـ على نبيه كما أنزله ، وأبانه من سائر من بعثه إليهم بهذه الآية التي باين بينه وبينهم بها ، ففي ذلك أنزل الله تعالى : ﴿وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ﴾ الذين كفروا ، ولقالوا : إنه وجد هذه الأقاصيص مكتوبة ، فحفظها من الكتب )) [1].

واتە : بە سەروەرمان ( محمد ) پێغەمبەری خوا ﷺ ووتراوە ( الأمي ) ، چونکە ئوممەتی عەرەبی نە نووسراویان دەخوێندەوە ، و نە دەیانووسیەوە ، خوای پەروەردگاریش ئەوی ناردووە لە سەر ئەو شێوەیەی کە نە دەیتوانی کتێب بخوێنێتەوە ، و نە لێی دەنووسیەوە ، ئەمەش یەکێك بووە لە بەڵگەکانی ڕاستی پێغەمبەرایەتی ، چونکە ئەو قورئانەی کە خوای پەروەردگار پێیدا ناردبووی بۆیان ، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە سەریاندا دەیخوێندەوە جار لە دوای جار بەو شێوەیەی کە بە سەریدا دابەزێنرا بوو ، بێ ئەوەی کە هیچ لە ووشەکانی بگۆڕێت ، لە کاتێکدا ووتار خوێنەکانی عەرەب لەو سەردەمەدا ئەگەر ووتارێکیان بێ خۆ ئامادەکردن بووتبایە

[1] ( لسان العرب : ج ١٢ ، ص ٣٥ ) .

، و پاشان دووبارەیان بکردبایەتەوە ، زیادەیان دەخستە سەر یان لێیان کەم دەکــردەوە ، خوای پەروەردگار ئەوەی بۆ پاراست ، هەروەرکو چۆن داییەزاندبوو بــە ســەریدا ، و جیایکردۆتەوە لە هەموو ئەوانەی کە بۆی ناردوون ، ئەوەش بەم ئایەتەی کە باســکرا ، هەر لەو بارەیەوەیە خوای پەروەردگار فەرموویــەتی : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ، واتە : ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕن ، دەیانووت ئەو چیرۆکانەی لە پەرتۆکەکانی پێش خۆی بینیــوە بــە نووســراوی ، و لــە بەری کردوون !!

هەروەها ( ابن قتيبة الكردي الدينوري ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویــەتی : (( قيل لمن لا يكتب أمي ؛ لأنه نسب إلى أمة العرب . أي : جماعتها . ولم يكن من يكتب من العرب إلا قليل ، فنسب من لا يكتب إلى الأمة ، فقيل : أمي ، كما تقول : رجل عامي ، تنسبه إلى عامة الناس ، ثم لزم هذا الاسم كل من لا يكتب )) [١] ، واتە : بەو کەسەی کە توانای نووسینی نەبێت دەووترێت ( أمي ) چونکە دراوەتە پــاڵ ئوممــەتی عەرەبی ، واتە : کۆمەڵەکەی ، کەسانێکی کەمیش لە عــەرەب توانــای نووســینیان هەبوو ، بۆیە ئەو کەسەش کە توانای نووسینی نەبووایە دەدرایە پاڵ ئەو ئوممەتە ، و دەووترا : ( أمي ) ، هەروەکو دەووترا : کەسێکی عامیــە ، واتــە دەدرا پــاڵ خــەڵکی بــەگشتی ، پاشــان ئەم نــاوە تایبەت کــرا بەهــەمــوو ئــەو کەســانەی کــە توانــای نووسینیان نەبووایە .

---

[١] ( غريب الحديث لابن قتيبة : ج ١ ، ص ٣٨٤ ) .

وە پێشەوا ( أحمد الفيومي ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( والأمي في كلام العرب : الذي لا يحسن الكتابة ، فقيل نسبة إلى الأم ، لأن الكتابة مكتسبة ، فهو على ما ولدته أمه من الجهل بالكتابة ، وقيل نسبة إلى أمة العرب لأنه كان أكثرهم أميين ))[1] ، واتە : ( الأمي ) لە زمانی عەرەبیدا : ئەو کەسەیە کە توانای نووسینی نەبێت ، وە ووتراوە دانەپاڵی دایکە ، چونکە نووسین وەرگیراو و بەدەست خراوە بە هۆی فێربوونەوە ، هەروەکو بڵێیت دراوەتە پاڵ ئەوەی کە لەسەری لە دایك بووە لە نەزانینی خوێندن ✿ ، وە ووتراوە : دانە پاڵ ئوممەتە ، چونکە زۆربەی ئوممەتی عەرەب نەخوێندەوار بووە .

هەر لەو بارەیەوە پێشەوا ( محمد المناوي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( الأمي من لا يحسن الكتابة ، نسب إلى أمه ، لأن عادة النساء الجهل بالكتابة ، ذكره أبو البقاء ))[2] ، واتە : ( الأمي ) : ئەو کەسەیە کە توانای نووسینی نەبێت ، دانەپاڵی دایکە ، چونکە عادەتی ئافرەتان نەزانینی نووسین بووە ، ئەمەش بۆچوونی ( أبو البقاء ) یە .

وە ( الراغب الأصبهاني ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ( مفردات ) ەکەیدا فەرموویەتی : (( الأمي : هو الذي لا يكتب ولا يقرأ من كتاب ، وعليه حمل ﴿ هُوَ

---

[1] ( المصباح المنير : ج ١ ، ص ٢٣ ) .

✿ ئەمە بە پێی واقع ، وعەقل ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا﴾ ( سورة النحل : ٧٨ ) .

[2] ( التوقيف على مهمات التعاريف : ج ١ ، ص ٩٥ ) .

الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ ﴾ ( الجمعة : ٢ ) )) [١] ، واتــه : ( الأمي ) ئــەو کەسەیە کە توانای نووسین و خوێندنەوەی نیە لە هیچ پــەڕتوکێك ، بۆیــە واتــای ئەم ئایەتە : ﴿ هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ ﴾ ( الجمعة : ٢ ) لە ســەر ئــەو بنەوایە لێك دراوەتەوە .

لــە هــەموو ئــەو ووتانــەی کــە هێنرانــەوە لــە زانایــانی زمانــەوانی و ژێــدەرە تایبەتــەکانی ئــەو بابەتــە ، ئــەوە ئاشــکرا دەبێــت کــە : **ووشــەی** ( الأمي ) **لــە زمانەوانیدا بۆ کەسێك بەکار دەهێنرێــت کــە توانــای نووســین ، وخوێندنــەوەی نەبێت ، نەك ئەوەی کە چەواشەکاران ، و ئاوەژوونکارانی ڕاســتیە مێژوویــەکان دەیلێن ، کە گوایە بۆ کەسێك بەکار دەهێنرێــت کــە خــاوەن پــەڕتوکی ئاســمانی نەبێت !!! بە واتایەکی ڕوونتر کەسێك کە گاور ، وخاچ پەرست نەبێت !!!!**

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ووتەیەکی پێشەوا ( الشاطبي ) ـ بــە ڕەحمــەت بێــت ـ دەگێڕمەوە کە سەبارەت بەو کەسانە دەدووێت کە لە شــەریعەت دەکۆڵێنــەوە دەبێــت چۆن بن ، ئەو پایە بەرزە فەرموویــەتی : (( على الناظر في الشريعة ، والمتكلم فيها ـ أصولا و فروعا ـ أمران :

**أحــدهما :** أن لا يتكلم في شيء من ذلك حتى يكون عربيا ، أو كعربي في كونه عارفا بلسان العرب ، بالغا فيه مبالغ العرب ، أو مبالغ الأئمة المتقدمين كالخليل ،

---

[١] ( مفردات ألفاظ القرآن ، ص ٨٧ ) .

وسيبويه ، والكسائي ، والفراء ، و من أشبههم وداناهم ، وليس المراد أن يكون حافظا كحفظهم ، وجامعا كجمعهم ، وإنما المراد أن يصير فهمه عربيا في الجملة )) [1] .

واتە : دوو شت پێویستە لە سەر ئەو کەسەی کە تێڕامان دەکات سەبارەت بە شەریعەت ، و بە ناویەوە دەدوێت ـ لە ئوصوڵی ئایین بێت ، یان لە فروعەکانی ـ :

**یەکێکیان :** لە هیچ شتێك لەو بابەتانە نەدوێت ئەگەر کەسێکی ڕەگەز عەرەبی نەبێت ، یان دەبێت وەکو عەرەب شارەزایی هەبێت لە زمانی عەرەبی ، و گەشتبێتە ئەو پلەیەی کە ئەوان هەیانە ، یان گەشتبێتە پلەی زانایانی پێشین ، وەك : ( الخليل ) و ( سيبويه ) و ( الكسائي ) و ( الفراء ) ، یان کەسانێکی هاوشێوە ، و نزیك لەوان ، مەبەستیش لێرەدا ئەوە نیە کە توانای ئەوانی هەبێت لە لەبەرکردن ، یان توانایی کۆکردنەوەی هەبێت وەك ئەوان ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە تێگەیشتنی بەگشتی عەرەبی بێت .

شاراوەش نیە نەخوێندەواری پێغەمبەر ﷺ لێرەدا ڕێز لێگرتنێکی زۆر گەورەیە بۆی ، چونکە بێ گومان بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرا و ڕوونە لە سەر پێغەمبەرایەتی ﷺ ، چونکە جێی گومان نیە ئەو کەسەی کە نەخوێندەوار بێت ، و بتوانێت شاکارێکی لەو جۆرە بهێنێت ، کە زانایان و خوێندەواران نەیانتوانیوە ، و ناشتوانن بیهێنن ، ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە سەر ڕاستی ئەوەی کە دەیڵێت ، بەڵگەیەکی دەم کوتکەرە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن : لە نووسینی خۆیەتی !!

---

[1] ( الأعتصام / للشاطبي : ج ٢ ، ص ٤٥٠ ـ ٤٥١ ) .

چونکە بەڵگە نەویستە ئەوەی کە خوێنەوار و زانا نایزانێت نەخوێنەوار ئەو لاترە کە نەیزانێت ، جا ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوویدا ، ئەوا ئەبێت پەیوەست بکرێت بە هێزیك کە لە سەرووی هێز و توانای مرۆڤ کردەکانە ، یان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە دەرەکیەکان ، ئەوەش لە لای موسڵمانان بە نیگا و سرووش ( وەحی ) ناسراوە .

**دووەم : لێکدانەوەی ووشەی ( الأمي ) لە لای ڕاڤەوانانی قورئانی پیرۆز :**

هەروەکو چۆن لە باسی پێشوودا باسی ووشەی ( الأمي ) کرا لە لای زانایانی زمانەوانی ، و واتای ئەم ووشەیە ئاشکرا بوو ، پێویست دەکا ـ وە لە تێر و تەسەلی و تەواوی ئەم لێکۆڵینەوەیەشە ـ ئەم ووشەیە لە لای ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆزیش لێك بدەینەوە ، ئەوەش بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز بە شێوەیەکی تەواو واتای ئەم ووشەیەیان بۆ ئاشکرا بێت ، و پەردەش لە سەر نیاز و مەرامی گڵاوی چەواشەکاران هەڵبماڵرێت ، بۆ دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی شاراوەیان لەو دیوی پەردە چڵکنەکانیانەوە ، وە بۆ هەموانیش ئاشکرا بێت کە ئەو ڕەشنووسانەش کە دەینووسنەوە و بەناوی ( لێکۆڵینەوەی زانستی !!! ) ، یان ( لێکۆڵینەوەی مێژوویی !!! ) و بڵاویان دەکەنەوە ، لە ڕاستیدا جگە لە درۆکردن نەبێت بە دەم زانست ، یان ئاوەژوونکردن و چەواشەکاری ڕاستیەکانی مێژوو نەبێت هیچی تر نین . دەبا لەم بەشەشدا لە گەڵ یەك بڕۆینە خزمەت ڕاڤەکارانی قورئان بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیە ، ئەوەش بە ئاشکرا کردنی واتای ووشەی ( الأمي ) و داتاشراوەکانی .

پێشەوا و ڕاڤەکاری قورئان ( الطبري ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( يعني بالأميين : الذين لا يكتبون ، ولا يقرءون ، ومنه قول النبي ﷺ : " إنَّا أمة أمية ؛ لا نكتب ، ولا نحسب ... " ))[١] ، واتە : مەبەستی لە ( الأميين ) ئەو کەسانەیە کە نانووسن ، و ناشخوێننەوە ، هەمان واتایە ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : ئێمە ئومەتێکی نەخوێدەوارین نە

---

[١] ( تفسير الطبري : ج ١ ، ص ٣٧٣ ) .

دەنووسین ، و نەش بەپێی حیسابی ئەستێرە ناسەکان پەرستشەکانمان ئـەنجام دەدەیـن ....

وە پێشـــەوا ( ابن حجر العسقلاني ) فەرموویــەتی : (( والْمُراد بِالْحِسَابِ هُنَا حِسَاب النُّجُومِ ، وتسييرها ، ولَمْ يكونوا يعْرَفُونَ مِنْ ذَلِكَ . أَيْضًا . إِلا النَّزْر الْيَسِير )) [١] ، واتە : مەبەست بە ووشەی ( حساب ) لێرەدا : ئەو حیســاباتەیە کـە ئەســتێرە ناسان بۆ ئەستێرە ، و جولەی ئەستێرەکان دەیکەن ، عەرەبیش لەو کاتــەدا شــتێکی وایان نەزانیوە لەو زانستە ، هەروەکو خوێندەواریەکـەیان ، جگـە لـە برێکـی کـەم نەبێت .

هەر لــەو بارەیــەوە پێشــەوا ( المناوي ) فەرموویـەتی : (( ( ولا نحسُب ) بضم السين أي ؛ لا نعرف حساب النجوم وتسييرها ، فالعمل بقول المنجمين ليس من هدينا )) [٢] ، واتــە : کــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ فــەرموویەتی : " ولا نحسُب " بەو شێوەیەی کە پیتی سینی ووشـەکە بـۆرە ( واتــە : الضمة ) ــی بخرێتـە سـەر واتاکەی ئەوەیە کە : ئێمە ئەو حیساباتەیە کە ئەستێرە ناسان بۆ ئەســتێرە دەکـەن ، یان بۆ جولەی ئەستێرەکان دەیکەن نایزانین ، بۆیە کردارکردن بـە ووتـەی ئەسـتێرە ناسەکان لە سوننەتی ئێمە نیە .

---

[١] ( فتح الباري : ج ٦ / ص ١٥٦ ، برقم : ١٧٨٠ ) .

[٢] (فيض القدير : ج ٢ / ص ٦٩٦ ، برقم : ٢٠٢١ ) .

وە پێشەوا ( الشوكاني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە واژەکردنی ووشەی ( الأمي ) فەرموویەتی : (( والأمي منسوب إلى الأمة الأمية التي هي على أصل ولادتها من أمهاتها لم تتعلم الكتابة ، ولا تحسن القراءة للمكتوب )) [١] ، واتە : کە دەووترێت کەسێك ( أمي ) یە ئەوا دراوەتە پاڵ ئومەتی نەخوێندەوار ، کە لە سەر بنەوای لە دایك بوونی ماوەتەوە ، لە دایکانیانەوە فێری نووسین نەبووە ، وتوانای خوێندنەوەی نووسراویشی نیە .

وە پێشەوا ( القرطبي ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : " ( الأمي ) منسوب إلى الأمة الأمية ، التي هي على أصل ولادتها ، لم تتعلم الكتابة ولا قراءتها ؛ قاله ابن عزيز . وقال ابن عباس ﵄ : كان نبيكم ﷺ أميا لا يكتب ولا يقرأ ولا يحسب ؛ قال الله تعالى : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) . وروي في الصحيح عن ابن عمر عن النبي ﷺ قال : ( إنا أمة أمية لا نكتب ولا نحسب ) الحديث " [٢] .

واتە : کە دەووترێت کەسێك ( أمي ) یە ئەوا دراوەتە پاڵ ئومەتی نەخوێندەوار ، کە لە سەر بنەوای لە دایك بوونی ماوەتەوە ، و فێری نووسین نەبووە ، و توانای خوێندنەوەشی نیە ، ئەمە بۆچوونی ( ابن عزيز ) ـە ، و ( ابن عباس ) یش فەرموویەتی : پێغەمبەری ئێوە محمد ﷺ کەسێکی نەخوێندەوار بوو ، نەی دەنووسی و نەشی دەخوێندەوە ، و توانا ژمێریاری نەبوو ، خوای بڵند و پایە بەرز

[١] ( فتح القدير : ج ١ ، ص ١٠٤ ) .
[٢] ( الجامع لأحكام القرآن : ج ٧ ، ص ٢٩٨ - ٢٩٩ ) .

فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) .

وە لە ( صحيح ) یشدا لە ( ابن عمر ) ـەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : " ئێمە ئوممەتێکی نەخوێندەوارین ، نە توانای نووسینمان هەیە ، و نە توانای ژمێریاری " .

وە سەبارەت بە ئەم ئایەتە : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ فەرموویەتی : (( لە ووتەی خوای پەروەردگار دا کە فەرموویەتی : " وما كنت تتلو من قبله من كتاب " ڕاناو لە ووشەی " قبله " دەگەڕێتەوە بۆ " الكتاب " کە ئەو قورئانەیە دابەزێنراوەتەوە سەر **محمد** ﷺ ، واتە : ئەی **محمد** تۆ توانای خوێندنەوەت نەبوو پێش دابەزینی قورئان ، هاتوو چۆی کەسانی خاوەن پەڕتوکە ئاسمانیەکانت نەدەکرد ، بەڵکو بە باشترین شێواز دامان بەزاندووتە سەرت ، بابەتی پەنهانی جگە لەویشمان تێدا باسکردووە ، چونکە ئەگەر تۆ لەو کەسانە بیایەیت کە توانای خوێندنەوەی پەڕتوکیان هەبوو ، یان توانای نووسینی پیتەکانیان هەیە ، ئەوا " لارتاب المبطلون " ، واتە : لەو کەسانەی کە خاوەن پەڕتۆکی ئاسمانین )) [1] .

وە ( فخرالدين الرازي ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئایەتەی ﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ ﴾ ـی سورەتی ( الأعراف ) دا فەرموویەتی : (( ( الزجاج )

---

[1] ( الجامع لأحكام القرآن : ج ١٣ ، ص ٣٥١ ) .

فەرموویەتی : واتای ( الأُمِّيَّ ) ئەو کەسەیە کە لە سەر شێوەی ئوممەتی عەرەبی بێت ، پێغەمبەری خوا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرموویەتی : " ئێمە ئوممەتێکی نەخوێندەوارین ، نە توانای نووسینمان هەیە ، نە توانای ژمێریاری " ، زۆرینەی عەرەبیش توانای نووسین و خوێندنەوەیان نەبوو ، پێغەمبەریش ـ علیه الصلاة والسلام ـ بە هەمان شێوە بوو ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە وەصفیکردووە بەوەی کە نەخوێندەوار بووە ، بۆیە لێکۆڵەرەوەکان فەرموویانە : نەخوێندەوارێتی بەم شێوەیە یەکێکە لە بەڵگە بەرنگاری نەکراوەکانی ، ئەوەش لە چەند ڕوویەکەوە :

**الأول :** أنه ـ علیه الصلاة والسلام ـ كان يقرأ عليهم كتاب الله ـ تعالى ـ منظوماً مرة بعد أخرى من غير تبديل ألفاظه ولا تغيير كلماته ، والخطيب من العرب إذا ارتجل خطبة ثم أعادها ، فإنه لا بد وأن يزيد فيها وأن ينقص عنها بالقليل والكثير ، ثم إنه ـ عليه الصلاة والسلام ـ مع أنه ما كان يكتب وما كان يقرأ ـ يتلو كتاب الله من غير زيادة ولا نقصان ولا تغيير ، فكان ذلك من المعجزات ، وإليه الإشارة بقوله تعالى : ﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلاَ تَنسَى ﴾ ( الأعلى : ٦ ) .

واتە : لەو ڕووەی کە پێغەمبەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەو قورئانەی کە خوای پەروەردگار پێدا ناردبووی بۆیان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە سەریاندا دەخوێندەوە جار لە دوای جار بەو شێوەیەی کە بە سەریدا دابەزێنرا بوو ، بێ ئەوەی کە هیچ ووشەکانی بگۆڕێت ، لە کاتێکدا ووتار خوێنەکانی عەرەب لە و سەردەمەدا ئەگەر ووتارێکیان بێ خۆ ئامادەکردن بووتبایە ، و پاشان دووبارەی بکردبایەتەوە ، زۆر بێت یان کەم زیادەی دەخستە سەر یان لێی کەم دەکردەوە ، لە گەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ـ

علیه الصلاة والسلام ـ توانای نووسین و خوێندنەوەشی نەبوو کەچی ئەو قورئانەی کە خوای پەروەردگار پێدا ناردبووی بۆیانی دەخوێندەوە ، بەو شێوەیەی کە بە سەریدا دابەزێنرا بوو ، بێ ئەوەی زیادەی بخاتە سەر یان لێی کەم بکاتەوە ، بێ ئەوەش بیگۆڕێت ، بۆیە ئەوە بە یەکێك لە بەڵگە بەرنگاری نەکراوەکانی پێغەمبەرایەتیەکەی دادەنرێت ﷺ ، خوای پەروەردگار ئاماژەی بەو شتە داوە لەو ووتەیەی کە فەرموویەتی : ﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلاَ تَنسَى ﴾ ، واتە : بە شێوەیەك بۆتی دەخوێنینەوە ، لە بیرت نەچێتەوە .

**والثاني** : أنه لو كان يحسن الخط والقراءة ، لصار متهماً في أنه ربما طالع كتب الأولين ، فحصل هذه العلوم من تلك المطالعة ، فلما أتى بهذا القرآن العظيم المشتمل على العلوم الكثيرة من غير تعلم ولا مطالعة ، كان ذلك من المعجزات وهذا هو المراد من قوله : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِ مِن كِتَـٰبٍ وَلاَ تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لاَّرْتَـٰبَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) ))[١] .

واتە : ئەگەر پێغەمبەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ توانای نووسین ، و خوێندنەوەی هەبوایە ، ئەوا ئەو کاتە دەبووە شوێن گومان لەوەی کە پەڕتوکەکانی پێش خۆی بەرچاو کەوتبێت ، و خوێندبێتیەوە ، و ئەو زانیاریانەی دەست کەوتبێت لە خوێندنەوەیەی ، جا لە کاتێکدا ئەو قورئانەی هێناوە ، و ئەو هەموو زانیاریەشی گرتۆتە خۆ ، بێ فێربوون ، و خوێندەوەیەك ، بۆیە ئەوە بە یەکێك لە بەڵگە بەرنگاری نەکراوەکانی پێغەمبەرایەتیەکەی دادەنرێت ، ئەوەش مەبەستی خوای پەروەردگارە لەو

---

[١] ( تفسير الفخر الرازي ( مفاتيح الغيب ) : ج ٥ ، ص ١٥ ـ ١٦ ) .

ووتەیـەی کـە فەرموویـەتی : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِ مِن كِتَـٰبٍ وَلاَ تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لاَّرْتَـٰبَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ .

وە ئەگەر بڕوانینە تەفسیرەکەی ( ابن كثير ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوا ووتەیەکی زۆر بە سوودمان بەرچاو دەکەوێت لەو بارەیەوە ، کە لە کـاتی ڕاڤـەی ئایـەتی : ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴾ ، فەرموویـــەتی : (( خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ ﴾ ، واتـە : لـە کەسـانی سـەر بـە ئاینە خاوەن کتێبەکان ( أهل الكتاب ) ، ئەمە ووتەی ( مُجَاهِد ) ـە ، و ( الْأُمِّيُّونَ ) کۆیە و تاکەکەی ( أُمِّيّ ) یە ، ئەو کەسەش دەگرێتەوە کە توانای نووسینی نـەبێت ، ئەمـەش ووتـەی : ( أَبُو الْعَالِيَة ) ، و ( الرَّبِيع ) ، و ( قَتَادَة ) ، و ( إِبْرَاهِيم النَّخَعِيّ ) ، و جگە لەوانیش ، و ئەوەش کە ئاشکرا بێت ئایەتەکـە هـەر ئـەو واتایەیـە کـە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَاب ﴾ ، واتە : نازانن چی تیایە .

هەر لەبەر ئەمەیە یەکێك لە سیفەتەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە کەسێکی ( أُمِّيّ ) بووە ، واتە : نەخوێندەوار بـووە ، چـونکە ئـەو توانـای نووسـینی نـەبوو ، هەروەکو خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ وَمَا كُنْت تَتْلُوا مِنْ قَبْله مِنْ كِتَاب وَلَا تَخُطّهُ بِيَمِينِك إِذًا لَارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ .

وە پێغەمبەری خوا ـ عليه الصلاة والسلام ـ فەرموویەتی : " ئێمـە ئوممـەتێکی نەخوێندەوارین نە دەنووسین ، و نە ژمێریاری مانگ دەکـەین بـەم شـێوەیە ، و بـەم شێوەیە ، و بەم شـێوەیە " هـەتادوایی فەرموودەکـە ، واتـە : لـە پەرستشـەکانمان پێویستمان نە بە نووسین و نەش بە ژمێریاری هەیە .

وه خــــوای پـــەروەردگار فـــــەرموویەتی : ﴿ هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ ﴾ ، وه ( ابن جرير ) فەرموویەتی : عەرەب هەموو کەسێکی لـە پیـاوان کـە توانای نووسینی نەبوو بێت داویەتیە پاڵ دایکی لەو ڕووەی کە توانـای خوێندنـەوەی نیە ، و نەیداوەتە پاڵ باوکی )) [١] .

پێشەوا ( القرطبي ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ ﴾ ، واتە : لە جولەکەکان ـ اليهود ـ ، وە ووتراوە لـە جولەکە ، و دووروان کەسانێکی نەخوێندەوار ( أميون ) هەیە ، واتە : توانای نووسین و خوێندنەوەیان نیە ، تاکەکەشی ( أمي ) یە ، و دراوەتە پاڵ ئومەتی نەخوێنـدەوار ، کە لە سەر بنەوای لە دایك بوونی ماوەتـەوە ، و فێـری نووسـین نـەبووە ، و توانـای خوێندنەوەشـی نیـیە ، ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەریش ـ عليه السلام ـ کـە فەرموویەتی : " ئێمە ئومەتێکی نەخوێدەوارین نـە دەنووسـین ، ونـەش ژمێریـاررى ونەش توانا ژمێریاریمان هەیە " هەتا دوایی فەرمودەکە )) [١] .

کەواتە واژەی ووشەی ( الأُمِّيّ ) بریتیـیە لە کەسی نەخوێندەوار ، نەك بە واتـای کەسانێکە کـە سـەر بە ئومەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان ( أهل الكتاب ) نەبن ! هەروەکو لە چەندەها ڕەشنووسی ئەم سەردەمەدا هاتووە !

---

[١] ( تفسير القرآن العظيم ، دار الفكر : ج ١ ، ص ١١٧ ) .

[١] ( الجامع لأحكام القرآن : ج ٢ ، ص ٥ ) .

خوای پەروەردگار فـەرمـوویەتی : ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ ﴾ ( سورة البقرة : ٧٨ ) ، بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر کەسێکی لێکۆڵەر ئـەم ئایەتـەی قورئـان بخوێنێتەوە تووشی شەرمەزاری دەبێت لەوەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بڵێـت ووشـەی ( الأمي ) لە قورئاندا بە واتـای کەسـانێکە کـە سـەر بـە ئوممـەتانی خـاوەن کتێبـە ئاسمانیـەکان ( أهل الكتاب ) نـەبن !! هـەروەکو لـە چـەندەها ڕەشنووسـی ئـەم سەردەمەدا هاتووە!!

چونکە ئەگەر بەو فەرزیەتەی ئەوان بێت ئـەوا واتـای ئایەتەکـە بـەم شـێوەیە دەبێت : هەر لە خۆیان ـ واتە : کەسانی سەر بە ئوممەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان ( أهل الكتاب ) ـ کەسانێك هەن سەر بە ئوممەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان ( أهل الكتاب ) نین !!! نازانن چی لە پەرتۆکەکاندا هەیە لە بەر ئەوەی نەخوێندەوارن !!!

بەڕاستی جێی سەر سوڕمانە لە یەك کاتدا کەسێك سەر بە ئوممـەتێکی خـاوەن کتێبی ئاسمانی ( أهل الكتاب ) بێت !!! لە هەمان کاتیشدا سەر بە ئوممەتانی خاوەن کتێبەئاسمانیەکان ( أهل الكتاب ) نەبێت !!!

لە دەرەنجام و کۆتایی ئـەم بەشـەی لێکۆڵینەوەکـەدا ، و دوای هێنانـەوەی ئـەو هەموو ڕاڤەیەی کە ڕاڤەکارانی قورئان کردوویانە ، وەك : ( الطبري ) ، و ( الشوكاني ) ، و ( القرطبي ) ، و ( الرازي ) ، و ( ابن كثير ) بـۆ ووشـەی ( الأمي ) بۆمـان ئاشکرا دەبێت کە واتای ووۆشەی ( الأمي ) بریتیە لە : کەسێك کە توانـای نووسـین وخوێندنەوەی نەبێت ، جـا ئـەم ووشـەیە نیسـبەت دان بێـت بـۆ لای ئـوممـەتی عـەرەبی کـە ئوممەتێکی نـەخوێندەوار بـووە ، یـان نیسـبەت دان بێت بـۆ لای

بنەوای لە دایك بوون ، و مانەوە لە سەر ئەو شێوازەی کە لە سەری لە دایك بووە .

دوابەدوای ئەم لێکدانەوەیە بۆ ووشەی ( الأمي ) با بزانین بەڵگە چیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە ؟ بەڵگەکانیش لە چەند خاڵێکدا دەخرێنە ڕوو ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

## ❑ ئەو بەڵگانەی کە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن :

( دکتور فاضل صالح السامرآئي ) دەڵێت : (( من الثابت تاريخيا بالنقل المتواتر ، وإجماع أهل العلم أن محمدا ﷺ كان أميا لا يقرأ ولا يكتب ، لم يكتب شيئا بيده ولا قرأ صحيفة مكتوبة إلى أن توافاه الله ، وإن هذا كان شأن أكثر قومه ، فهم أمة أمية ، قال تعالى : ﴿ هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ ﴾ ، أي أميا مثلهم . وقال : ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ﴾ ))[1] ، واتە : لەو شتانەی کە جێگیر و سەلمێنراوە و بە شێوازێکی موتەواتری پێمان گەشتووە و زانایانیش کۆڕان لە سەری ئەوەیە کە : محمد ﷺ پیاوێکی نەخوێندەوار بووە ، توانای خوێندنەوە ، و نووسینیشی نەبووە ، بەدەستەکانی خۆشی هیچی نەنووسیوەتەوە ، و هیچ پەڕەیەکی نووسراویشی نەخوێندووەتەوە ، تا ئەو کاتەی کە کۆچی دوای کردووە ، زۆرینەی گەلەکەشی بەو جۆرە بووە ، گەلەکەشی گەلێکی نەخوێندەوار بووە ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي

---

[1] ( نبوة محمد من الشك إلى اليقين : ٥٢ ) .

الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ ﴾ ، واتە : نەخوێندەوارێکی وەکو خۆیانی بۆ ناردووە ، هەروەها فەرموویەتی : ﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ ﴾ .

کاتێك کە هەندێك لە ژێدەر و سەرچاوەکان دەبینرێت هەندێك بەڵگە بە ئایەتەکانی قورئان دەهێننەوە ـ یان لەم باس و لێکۆڵیەویەشدا کە لە بەر دەستە ـ ڕەنگە جێی سەرسوڕمان بێت لە لای هەندێك لە خوێنەران و لەوانەشە بڵێت : بۆچی قورئان بکرێت بە بەڵگە بۆ ڕاستیەکان ؟ لە وەڵامدا دەووترێت : لەو باوەڕەدام جێی نکۆڵی و مشت و مڕ نەبێت لەلای هیچ کەسێك ـ بگرە ئەوانەش کە باوەڕیان بە وە نەبێت کە قورئانی پیرۆز لەلای خواوەیە !! ـ باوەڕیان بەوە هەیە کە قورئانی پیرۆز ژێدەر و سەرچاوەیەکی مێژوویە زۆر لە باس و بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی تێدا گێڕراوەنەتەوە ، و تۆمارکراون ، وەك لە هەموو سەرچاوە مێژوویەکانی تر بەرچاو دەکەوێت ـ لەم ڕوانگەیەوە سەیرکردن و بەکارهێنانی قورئان وەك ژێدەر و سەرچاوەیەکی مێژووی کارێکی نامۆ نیە ، بەڵکو کارێکی زۆر ئاساییە .

**پاشان با بێینەوە سەر ئەو بەڵگانەی کە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن :**

**بەڵگەی یەکەم** : **چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆز ، وەك :**

١ / **خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) .

**شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دوای ئەوەی ئەم ئایەتە دێنێتەوە دەفەرمووێت : (( بين سبحانه من حاله ما يعلمه العامة والخاصة ، وهو معلوم لجميع قومه الذين شاهدوه ، متواتر عند من غاب عنه وبلغته أخباره من جميع الناس أنه كان أميا لا يقرأ كتابا ولا يخط كتابا من الكتب لا المنزلة ولا غيرها ، ولا يقرأ شيئا مكتوبا لا كتابا منزلا ولا غيره ، ولا يكتب بيمينه كتابا ولا ينسخ شيئا من كتب الناس المنزلة ولا غيرها ))** [(١)] **، واتە : خوای پەروەردگار ئەوەی ئاشکرا کردووە لە حاڵی پێغەمبەرکەی ﷺ کە لە لای هەموان و کەسانی تایبەتیش ئاشکرا بووە ، و لە لای هەموو تاکێکی گەلەکەشی زانراو بووە ، ئەوانەی کە بینیویانە ، وە بە موتەواتری گەشتۆتە ئەو کەسانەی کە نەیانبینیوە ، بەڵام هەواڵی ئەویان پێگەیشتووە لە خەڵکی بە گشتی ، کە کەسێکی نەخوێندەوار بووە ، توانای خوێندنەوەی هیچ پەڕتۆکێکی نەبووە ، توانای هیچ نووسینێکی نەبووە ، نە ئەو پەڕتۆکانەی کە هاتوونەتە خوارەوە ، و نە هیچ پەڕتۆکێکی تر جگە لەوان ، نەشی توانیوە هیچ شتێکی نووسراویش بخوێنێتەوە ، نە ئەو پەڕتۆکانەی کە هاتوونەتە خوارەوە ، نەش جگە لەوان**

---

(١) ( الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح : ج ٥ ، ص ٣٣٨ ) .

، وەنەش توانیویەتی بەڕاستەی هیچ بنووسێتەوە ، لەو پەڕتۆکانەی کە هاتوونەتە خوارەوە ، نە پەڕتۆکەکانی تریش .

وە پێشەوا ( القرطبي ) سەبارەت بە ئەو ئایەتەی سەرەوە : فەرموویەتی : (( لە ووتەی خوای پەروەردگار دا کە فەرموویەتی : " وما كنت تتلو من قبله من كتاب " ڕاناو لە ووشەی " قبله " دەگەڕێتەوە بۆ ( الكتاب ) کە ئەو قورئانەیە دابەزێنراوەتەوە سەر محمد ﷺ ، واتە : ئەی محمد تۆ توانای خوێندنەوەت نەبوو پێش دابەزینی قورئان ، هاتوو چۆی کەسانی خاوەن پەڕتوکە ئاسمانیەکانت نەدەکرد ، بەڵکو بە باشترین شێواز دامان بەزاندووتە سەرت ، بابەتی پەنهانی ، و جگە لەویشمان تێدا باسکردووە ، چونکە ئەگەر تۆ لەو کەسانە بیایەیت کە توانای خوێندنەوەی پەڕتوکیان هەبوو ، یان توانای نووسینی پیتەکانیان هەیە ، ئەوا " لارتاب المبطلون " ، واتە : گومان دەکەوتە دڵی ئەو کەسانەی کە خاوەن پەڕتۆکی ئاسمانین )) [١] .

وە ( الرازي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( **والثاني** : أنه لو كان يحسن الخط والقراءة لصار متهماً في أنه ربما طالع كتب الأولين ، فحصل هذه العلوم من تلك المطالعة ، فلما أتى بهذا القرآن العظيم المشتمل على العلوم الكثيرة من غير تعلم ولا مطالعة ، كان ذلك من المعجزات وهذا هو المراد من قوله : ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِ مِن كِتَـٰبٍ وَلاَ تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لاَّرْتَـٰبَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) )) [١] ، واتە :

---

[١] ( الجامع لأحكام القرآن : ج ١٣ ، ص ٣٥١ ) .

[١] ( تفسير الفخر الرازي ( مفاتيح الغيب ) : ج ٥ ، ص ١٥ - ١٦ ) .

ئەگەر پێغەمبەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ توانای نووسین ، و خوێندنەوەی هەبوایە ، ئەوا ئەو كاتە دەبووە شوێنی گومان لەوەی كە پەڕتوكەكانی پێش خۆی بەرچاو كەوتبێت ، و خوێندبێتیەوە ، و ئەو زانیاریانەی دەست كەوتبێت لە خوێندنەوەیەی ، جا لە كاتێكدا ئەو قورئانەی هێناوە ، و ئەو هەموو زانیاریەشی گرتۆتە خۆ ، بێ فێربوون ، و خوێندەوەیەك ، بۆیە ئەوە بە یەكێك لە بەڵگە بەرنگاری نەكراوەكانی پێغەمبەرایەتیەكەی دادەنرێت ، ئەوەش مەبەستی خوای پەروەردگارە لەو ووتەیەی كە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِ مِن كِتَبٍ وَلاَ تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لاَّرْتَبَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ .

وە ( دكتور فاضل صالح السامرائي ) دوای ئەوەی كە ئایەتی : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِ مِن كِتَبٍ وَلاَ تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لاَّرْتَبَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ دێنێتەوە لە باسێكدا ، دواتر دەڵێت : (( وهذه شهادة تاريخية ثابتة ليس فيها مجال للتأويل بأنه ﷺ لم يكن يقرأ ولا يكتب ، إذ لولم يكن كذلك ، لكذبه قومه والمؤمنون ))[٢] ، واتە : ئەمە شایەتی ، و گەواهیدانێكی جێگیر ، و سەلمێنراوی مێژوویە بەوەی كە پێغەمبەر ﷺ كەسێك بووە ، توانای هیچ خوێندنەوە ، و نووسینێكی نەبووە ، و ڕێگەش بە هیچ ئاوەژوونكردن ، و چەواشەكاریەك نادات . چونكە ئەگەر وا نەبوایە ، ئەوا ئومەت ، و گەلەكەی بە درۆیان دەخستەوە .

٢ / خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ ﴾ ( الأعراف : ١٥٧ ) .

---

[٢] ( نبوة محمد من الشك إلى اليقين : ٥٣ ) .

( فخر الدين الرازي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئایەتـەی : ﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ ﴾ ـی سـورەتی ( الأعراف ) ـدا فـەرمـوویـەتی : (( ( الزجاج ) فەرموویەتی : واتای ( الأُمِّيَّ ) ئەو کەسەیە کە لە سەر شێوەی ئوممەتی عەرەبی بێت ، پێغەمبەری خوا ـ عليه الصلاة والسلام ـ فەرموویـەتی : " ئێمـە ئوممـەتێکی نەخوێندەوارین ، نە توانای نووسینمان هەیە ، نەش توانـا ژمێریـاری " ، زۆرینـەی عەرەبیش توانـای نووسـین و خوێندنـەوەیان نـەبوو ، پێغەمبـەریش ـ عليه الصلاة والسلام ـ بە هەمان شێوە بوو ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە وەصـفیکردووە بـەوەی کـە نەخوێندەوار بووە ، بۆیە لێکۆڵەرەوەکان فـەرمـوویـانە : نـەخـوێندەواریتی بـەم شێوەیـە یەکێکە لـە بەڵگە بـەرنگاری نـەکراوەکانی )) [١] .

٣ / بەڵگەیەکی تر لە قورئانی پیرۆز کە ئاماژە بۆ نەخوێندەواریتی پێغەمبەر ﷺ دەکات ، ئەو ئایەتەیە کە خوای پەروەردگار سەبارەت بە هەڵوێستی بێباوەڕانی قورەیش دایبەزاندووە ، و تێیـدا فەرموویـەتی : ﴿ وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ ( الفرقان : ٥ ) ، واتە : بێ بـاوەڕان دەڵـێن : ئـەم قورئانـە ئەفسانەی پێشینانە !! بۆی نووسراوەتەوە !!! و بـە سـەریدا دەخوێنرێتـەوە سـەر لـە بـەیانیان ، و ئێـواران ، ڕووی هەڵێنجانـدنی بەڵگـە لـەوێ دەردەکـەوێت کـە مـەبـەست لـە ووشــەی : (( اكْتَتَبَهَا )) : ( بۆنووسـینەوە ) دەگرێتـەوە ، ئەمـەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە موشریك و بت پەرستانی ئەو سەردەمە باوەڕیـان وا بـوو کە کەسێکی نەخوێندەوارە .

---

[١] ( تفسير الفخر الرازي ( مفاتيح الغيب ) : ج ٥ ، ص ١٥ ـ ١٦ ) .

ئەوەش کە زیاتر ئەکری ئەم ڕاستیە دەربخا ، و بیسەلمێنێت ئەوەیە کە موشـریك و بتپەرستان بە درێژایی مێژووی بەرنگاریکردنیان ، و ئەو هـەموو پڕوپاگەندەیـەی کـە دەیـانکرد بـۆ پێغەمبـەری ئـاینی نـوێی ﷺ ، ڕۆژێـك نـەیانووتووە ، ئـەم پێغەمبەرە ﷺ ڕاست ناکات لەوەی کـە دەڵێـت : مـن کەسـێکی نەخوێنـدەوارم ، بەڵکو ئێمە بە باشی شارەزا و بە ئاگاین لە وورد و درشتی ژیانی ئـەم پیـاوە ، ئـەو پیـاوە کەسـێکی خوێنـدەوارە ، کەچـی نـەك هـەر ئەوەشـیان نـەکردووە ، بـەلکو پێچەوانەکەشیان لێوە دەگێڕڕێتەوە !!

**بەڵگەی دووەم** :

یەکـەم ئایەتێك کە دابەزی بێت بۆ سەر پێغەمبەری خوا ﷺ لە غاری ( حِراء ) ـدا ئەو ئایەتەی سورەتی ( العلق ) بوو کە بە ووشەی ( اقرأ ) دەست پێ دەکـات ، و وەڵامی چەند جار دووبارە بووەو بەڕاشکاوی پێغەمبەری خواش ﷺ هەر ئەوە بـوو کە دەیفەرموو : " ما أنا بقاريء ؟ " [١] ، کە ئـەوە دەگەیەنێت : مـن هیـچ جـۆرە خوێندەواریەکم نیە ، لەوەش زیاتر ووشـەی : ( قاريء ) نـەنـاسراوە ( واتە : نکرة )

[١] ( صحيح البخاري : ١ / ٤ ، برقم : ٣ ) و ( ٤ / ١٨٩٤ ، برقم : ٤٦٧٠ ) و ( ٦ / ٢٥٦١ ، برقم : ٦٥٨١ ) ، و ( فتح الباري بشرح صحيح البخاري : ج ١ ، ص ٢٦ ـ ٢٧ ) ، و ( صحيح مسلم : ( ١ / ١٣٩ ـ ١٤٠ ، برقم : ١٦٠ ) ، و ( صحيح مسلم بشرح الأمام النووي : ج ٢ ، ص ٢٥٢ ـ ٢٥٧ ، برقم : ١٦٠ ) .

ـەیە ، و لە ڕستەی نـەریٚ ( النفي ) ـدا هاتووە واتای گشتی دەدات بەدەستەوە ، كە زیاتر دووپاتی نەخوێندەواری خۆی بەڕاشكاوی دەردەبڕێت .

ڕەنگە یـەكێك بلێـت لـە هەنـدێك لـە ڕیوایـاتی فەرموودەكـەدا هـاتووە كـە فەرموویەتی : " وما أقرأ ؟ " ، ئەی سەبارەت بەمە چی دەڵێن ؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەووترێت :

١ / ئـەم ڕیـوایەتە ڕیـوایەتێكی ( شـاذ ) ـە، و ( شاذ ) یـش هـەروەكو زانـایانی فەرموودە فەرموویانە : جۆرێكە لە جۆرەكانی ( ضعیف ) و نابێت بكرێتە بەڵگە .

٢ / ئەگەر وا دانـرا كـە ڕیوایەتەكـە ( صحیح ) ـە !!! ئـەوا لـە وەڵامیـدا ئەووترێت : ئەم پرسیارەی پێغەمبەری خـوا ﷺ لـە جـۆری پرسـیاری ئینكاریـە ، بەواتای ئەوەی كە : ئەی ئەگەر من نەخوێندەوار بم چـی بخوێنمـەوە ؟!! ئـەوەش كـە پاڵپشتی ئەم بۆچوونە بێت ئەوەیـە لـە هەنـدێك لـە ڕیوایەتەكانیـدا هـاتووە كـە فەرموویـەتی : " ... : وما أقرأ ؟ فوالله ما أنا بقارئ ، ..." [١] ، واتـە : چـی بخوێنمەوە ؟! سوێند بێ بەخوا من خوێندەوار نیم ، یان فەرموویـەتی : " ... فقلت : أنا أمي ، ... " [٢] ، واتە : ئەی من نەخوێندەوارم !!

---

[١] ( الإتقان للسیوطي : ج ١ ، ص ٧٥ ، برقم : ٢٧٧ ) .

[٢] ( أخبار مكة / للفاكهي : ج ٤ ، ص ٨٦ ـ ٨٧ ، برقم : ٢٤٢٠ ) .

٣ / لێکۆڵینەوەی زانستی ئەکادیمی وا پێویست دەکات کە هەموو ڕیوایەت ، و گۆی ئەو فەرموودەیە کۆ بکرێتەوە ، کە دەمانەوێت لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین ، وبە تەواویش بهێنرێت ، نەك بەکردەی ڕەشنووسانی ئەم سەردەمە شوێنی مەبەست نەهێنرێتەوە ، لەبەر گەشتن بە مەبەست ، وچەواشەکاری ، وئاوەژوونکردنی ڕاستیەکان ، بۆیە ئەگەر ڕاست دەکەن بۆچی دوای بڕگەی : " وما أقرأ ؟ " ، بڕگەی " ... : وما أقرأ ؟ فوالله ما أنا بقارئ ، ..." ، بڕگەی : " ... فقلت : أنا أمي ، ... " یان نەهێناوەتەوە ؟!

یان کردەوەکەیان بەکردەی ئەوانەیە کە لە قورئانی پیرۆز بڕگەی : ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴾ ( سورة الماعون : ٤ ) ، یان بڕگەی : ﴿ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ ﴾ ( سورة النساء : ٤٣ ) ، یان بڕگەی : ﴿ إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ ﴾ ( سورة السجدة : ٢٢ ) دێیننەوە ، و دەڵێن خوای پەروەردگار ئەمەی فەرمووە !! خۆ کەسیش ناتوانێت نکوڵی لەسەر ئەوە بکات کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی !! بەڵام !!!

## بەڵگەی سێیەم :

پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوە داوە کە کەسێکی نەخوێندەوارە ، بۆ نموونە لەو فەرموودەیەی کە تێیدا دەفەرمووێت : " إِنّا أمة أمية ، لا نكتب ولا

نحسب ... " [1] ، واتـــە : ئێمـــە ئوممـــەتێكی نەخوێـــدەوارین نـــە دەنووســـین ، و نەشدەخوێینەوە .

زیاد لە سەر بە ئاشكرا ئاماژە پێكردن ، لەم فەرمووددا پێغەمبەری خوا ﷺ كە لە ووشەی ( أمية ) ـدا دەردەكەوێت ، ڕستەیەك دێنێتەوە بۆ دووپـات كردنـەوەی ئەوە نەخوێندەواریەی ، كە ئەویش ڕستەی : " لا نكتب " ـە ، واتە : نا نووسینەوە ئاشكراشە كە ئەم ڕستەیە هیچ واژەیەكی تر هەڵناگرێت جگە لەوەی كە بووترێـت : كەسێكی نەخوێندەوار بووە .

## بەڵگەی چوارەم :

دیاریكردنی چەند كەسێك لە هاوەڵە خوێنـدەوارەكانی لـە لایـەن پێغەمبـەری خواوە ﷺ ، بـۆ ئەوەی هەستن بـەكرداری نووسینەوەی سـرووش ( نیگـا = الوحي ) ، كە ئەمەش بەڵگەیەكی زۆر ئاشكرایە لە سەر نەخوێنـدەوارێتی ، چـونكە ئەگـەر خوێندەوار بایە ئەوا پێویستی بە ئەو هەموو نووسەرە نـەدەكرد ، و خـۆی بـەو كـارە هەڵدەسا .

**ئەگەر یەكێك بڵێت :** بۆچكە ئـەو كـارەی بـە تـەنها ئـەنجام نـەداوە ، چـونكە كارێكی ئاسان نەبووە لە سەری !!

---

[1] ( صحيح البخاري : ٢ / ٦٧٥ ، برقم : ١٨١٤ ) و ( فتح الباري بشرح صحيح البخاري : ج ٤ ، ص ١٥٢ ، برقم : ١٩١٣ ) و ( صـحيح مسلم : ٢ / ٧٦١ ، بـرقم : ١٠٨٠ ) و ( صـحيح مسلم بشرح الأمام النووي : ج ٤ ، ص ٤١٧ ) .

لە وەڵامدا دەووترێت : نەخێر هیچ گرانی قورسیەکی تێدا نەبوو ، ئەوەش لە بەر چەند خاڵێك :

١ / دابەزین ، و هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز بە بەش بەش ، و لە ماوەی بیست و سێ ساڵی تەمەنی پێغەمبەرایەتی ﷺ .

٢ / هەستانی هەندێك لە هاوەڵانی بەو کارە ، واتە بە نووسینی موصحەفێکی تایبەت بۆ خۆی .

٣ / ئەگەر هەر نەیتوانیبایە بە خۆی تەنیا بینووسیبایەوە ، ئەوا خۆ دەیتوانی هیچ نەبێت بە هاریکاری لە گەڵ کەسانی تردا ئەو کارە ئەنجام بدات .

جا ئەگەر هیچ لە مانەی نەکردبێت لە گەڵ ئەگەری پێویستی بەو کارە ، دەر دەکەوێت کە نەخوێندەوار بووە ، توانای نووسین ، و خوێندنەوەی نەبوو ، بۆچکە جاری وا هەبووە ، ناردوویەتی بە شوێنی ( زید ) ی کوڕی ( ثابت ) تەنها بۆ نووسینەوەی ئەم پارچە ئایەتە : ﴿ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ ﴾ ( سورة النساء : ٩٥ ) [١] .

## بەڵگەی پێنجەم :

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ ﴾ ( القيامة : ١٦ - ١٨ ) ، ئەم ئایەتە لە کاتێکدا بوو

---

[١] هەروەکو لە : ( صحيح البخاري : ج ٣ ، ص ١٠٤٢ ، برقم : ٢٦٧٦ ) ـدا هاتووە و لە جگە لەویش .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێشبڕکێی ( جبريل ) ـی دەکرد بۆ لەبەر کردنی ئایەتەکان کە دایدەبەزاند بە سەریدا ، نەوەك لێی بڕوات ، یان لە بیر بچێتەوە ، بەڵام بە دابەزینی ئەو ئایەتە و هاتنەخوارەوەی پەیمانی ئەوەی پێدرا بەوەی کە بۆی دەپارێزرێت ، بۆیە دەبینین وازی لەو کردارەی هێنا ، ڕووی هەڵێنجاندنی بەڵگە لێرەدا ئەوەیە کە بۆ ئەبێت کەسێکی خوێندەوار ئەو کردارە ئەنجام بدات ، خۆ تەنها ئەوەندەی دەویست کە بینووسێتەوە ، و ئاسوودە بێت لەو ترسە ، بەڵام کە ئەمە ڕووی نەداوە ، ئەوە بەڵگەیە لە سەر نەخوێندەواریتی .

## بەڵگەی شەشەم : گەواهیدانی ڕۆژهەڵاتناسان بەو سیفەتە :

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی ( هنري دي كاسترو ) یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە بە ڕاشکاوی ئاماژە بە پەیڕەوەکەی دەکات ، لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز ، و پێغەمبەرەکەی محمد ﷺ ، هەروەك دەڵێت : (( لقد آليت على نفسي أن ألتزم الدقة والعمق ، ولو أنني اتّبعت مجرّد الظواهر ، وقضيت على الأمور بغير تأمّل وتدقيق ، لجاء كتابي مذموما ، ورماني المستشرقون بالخفة والطيش ، لذلك قصدت أن يكون بحثي أولا في تحقيق شخصية محمد ﷺ وتقرير حقيقته ، علّني أجد في هذا البحث دليلا جديدا على صدق محمد ﷺ ، وعلى أمانته المتفق عليها تقريبا بين جميع مؤرّخي الديانات ))[١] ، واتە : وام بڕیار و

---

[١] ( خواطر وسوانح : هنري دي كاسترو ، نقلا عن : تاريخنا بين تزوير الأعداء وغفلة الأبناء : يوسف العظم : ص ٤٧ ) .

پەیماندابوو بە خۆم کە بە وورکاری ، و قوڵی لە بابەتەکان بکۆڵیمەوە ، چونکە ئەوەم دەزانی ئەگەر تەنها ڕووکەشی بابەتەکان وەرگرم ، و بڕیار بدەم لە سەر بابەتەکان بە بێ تێڕامان و ووردەکاری ، ئەو پەرتۆکەم شتێکی سەرزنشتکراو دەردەچوو ، لەوکاتەدا ڕۆژهەڵات ناسان سوکایەتیان پێ دەکردم ، بۆیە بڕیارم دا لێکۆڵینەوەکانم لە سەر کەسایەتی محمد بێت ﷺ ، لە گەڵ سەلماندنی ڕاستی ئەو پیاوە ، بەڵکو لەو لێکۆڵینەوەیەمدا بەڵگەیەکی تر لە سەر ڕاستی محمد ﷺ ، و ئەمینداریتی بدۆزمەوە ، ببێتە هۆی .

ئەم ڕۆژهەڵات ناسە سەبارەت بە نەخوێندەواریتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت : (( إن محمدا ما كان يقرأ ويكتب ، بل كما وصف نفسه مرارا نبيا أميّا ، وهو وصف لم يعارضه فيه أحد من معاصرية )) [١] ، واتە : بێگومان محمد ﷺ توانای خوێندنەوە ، و نووسینی نەبووە ، بەڵکو بەو شێوەیە بووە کە چەندەها جار خۆی پێ وەصف کردووە ، ئەوەش پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار ، هیچ کەسێکیش لەو کەسانەی کە لە سەردەمی خۆیدا ژیاون بەرهەڵستکاری ئەم وەصفەیان نەکردووە .

تۆ بڵێیت دوای هەموو ئەم بەڵگانە کەسانێك هێشتا هەر مابن بڵێن : کەسێکی خوێندەوار بوو ؟!!

---

[١] ( خواتر وسوانح : هنري دي كاسترو ، نقلا عن : تاريخنا بين تزوير الأعداء وغفلة الأبناء : يوسف العظم : ص ٤٨ ) .

پـاشان لێرەدا هـەوڵ دەدرێت کە ئـەو ئایـەت و فەرمودانـەی کـە دەکرێنـە ( بەڵگە !!! ) بۆ ئەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ کەسێکی خوێنـدەوار بـووە !! بخەینە ڕوو لە گەڵ بەرپەرچ دانەوەیان ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە .

**❑ ئـەو ئـایەت و فـەرمودانەی کـە دەکرێنە ( بەڵگە !!! ) بـۆ ئەوەی کـە پێغەمبەری ئیسلام محمـد ﷺ کەسێکی خـوێندەوار بووە !! لـە گەڵ بـەرپـەرچ دانـەوەیـان :**

بەڵێ (( دانایی خوای پەروەردگار ئاوای بە باش دانـاوە کـە پێغەمبـەری خـوا محمد ﷺ کەسێکی نەخوێندەوار بێـت ، نـە توانـای خوێندنـەوەی هـەبێت ، نـەش نووسین ، ئەوەش بۆ دورخستنەوەی گومان لە سەرچاوەی قورئـانی پـیرۆز ، هـەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ ( العنكبوت : ٤٨ ) ، واتە : تۆ پێش ئەوەی کە قورئانـت بـۆ بێتە خوارەوە هیچ پەڕتۆکێکت نەخوێندووەتـەوە ، و نەشـت توانیـوە بینووسـیتەوە ، ئەگەر وا ببایە ئەوا ئەو کەسانەی کە ناڕەوا دۆستن لە بێباوەڕان - جولەکـەکان بـن یان قورەیشیە بت بەرستەکان - تووشی گومان دەبوون )) [١] .

بۆیە دەبینین لەو دواییانەدا لە لایەن ڕەشنووسە تووتی ئاسـایەکان ئـەمڕۆ ، و پێشتریش لە لایەن ڕۆژهەڵات ناسانەوە ، هەوڵێکی زۆر خراوەتـە گـڕ بـۆ داپۆشـینی

---

[١] ( السيرة النبوية في ضوء المصادر الأصلية ، ص ١٥١ ) .

ڕاستیەکان ، و چەواشەکردنی خەڵك لێیان ، ئەوەش بە نکوڵی کردن لەوەی کە گوایا ـ بە خەون و خەیاڵی خۆیان ـ پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ کەسێکی خوێندەوار بووە !!! ـ سەرەڕای ئەوەی کە نەخوێندەوارێتی ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە ـ دواتریش دەیانەوێ بڵێن : گوایا بە بلیمەتی خۆی ئەو قورئانەی دارِشتووە !!!

ئەوەش بێگومان بە خۆ گێلکردن و خۆ لە کەودەن دان لەو هەموو بەڵگە مێژووییانە ، و پاشان چەندەها بەڵگەشیان لە سەر ئەو ووتەیەیان هێناوەتەوە ، کە لە ڕاستیدا جگە لە ملبادانی بەڵگەکان ، و لواندنیان بە پێی ئارەزووە گلاوەکانیان هیچی تر نین !!!

بەڵکو بگرە زۆر جار دەبینین درۆش دەکەن ـ ئەگەر درۆش دادیان بدات ـ بێ ئەوەی بیربکەنەوە لەوەی کە ( پەتی درۆ کورتە ) ، بەڵام ئەوان تەنها دەیانەوێت بگەن بە ئامانج ، ومەبەستی خۆیان!!! لە لای ئەوانیش (( الغایه تبرر الوسیله )) یە ، با ڕێگەش بۆ گەشتن بە ئامانج درۆ بێت ، یان چەواشەکاری ، یان هەر شتێکی تر !! گرنگ ئەوەیە کە بگەن بە ئامانج !!!

بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدرێت ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ بەرچاوترینی ئەو بەڵگانە بخرێنە ڕوو کە کردوویانە بە بەڵگە لە سەر خوێندەوارێتی پێغەمبەر ﷺ ، لە گەڵ ئاشکرا کردنی ڕووی ڕاست و چەوتی ئەو بەڵگانە ، لە ڕوانگەی زانستە شەرعی ، و مێژوویی ، و لۆژیکیەکانەوە ، بۆ ئەوەی : ﴿ لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ ﴾ ( سورة الأنفال : ٤٢ ) .

**شوبهەی یەکەم** : یەکەم بەڵگەیەك کە باسی لێوە بکەن ، ئەو فەرموودەیەیە کە پێشەوا ( البخاري ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ( براء ) ـەوە رضي الله عنه ، سەبارەت بە ڕێك کەوتنی حودەیبیە ( صلح الحديبية ) گێڕاویەتیەوە ، و تێیدا دەفەرمووێت : " لما اعتمر النبي صلى الله عليه وسلم في ذي القعدة ، فأبى أهل مكة أن يدعوه يدخل مكة حتى قاضاهم على أن يقيم بها ثلاثة أيام ، فلما كتبوا الكتاب كتبوا : هذا ما قاضى عليه محمد رسول الله .

قالوا : لا نقر لك بهذا ، لو نعلم أنك رسول الله ما منعناك شيئاً ، ولكن أنت محمد بن عبد الله .

فقال : " أنا رسول الله ، وأنا محمد بن عبد الله " ، ثم قال لعلي بن أبي طالب رضي الله عنه : " امح رسول الله " ، قال علي : لا والله لا أمحوك أبدا .

فأخذ رسول الله صلى الله عليه وسلم الكتاب وليس يحسن يكتب ، فكتب : هذا ما قاضى عليه محمد بن عبدالله ، لا يدخل مكة السلاح إلا السيف في القراب ... " [١] .

واتە : لە مانگی ( ذي القعدة ) بوو کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وویستی عومرە بکات ، بەڵام خەڵکی مەککە ڕێی ئەوەیان پێنەدا کە بڕواتە شاری مەککە بۆ ئەو مەبەستە ، تاکو لە سەر ئەوە ڕێك کەووتن کە سێ ڕۆژ تێیدا بمێنێتەوە ، کاتێك کە ڕێکەوتنامەکەیان نووسی ، نووسیان : ئەمە ئەو ڕێکەوتنامەیەیە کە لە گەڵ ( محمد رسول الله ) ـدا نووسراوە .

---

[١] ( صحيح البخاري : ٢ / ٩٦٠ ، برقم : ٢٥٥٢ ) و ( ٤ / ١٥٥١ ، برقم : ٤٠٠٥ ) .

ئەوانیش ووتیان ئێمە لە سەر ئەوە بێدەنگ نابین ، چونکە ئەگەر ئێمە بمانزانیبایە کە تۆ پێغەمبەری خوایت ، ڕێی هیچمان لێ نەدەگرتی ، بەڵکو تۆ ( محمد بن عبد الله ) یت .

ئەویش فەرمووی : من ( رسول الله ) م ، و ( محمد بن عبدالله ) یشم .

پاشان فەرمانی کرد بە ( علي ) کوڕی ( أبو طالب ﷺ ) کە : ( رسول الله ) بسڕەوە ، ئەویش فەرمووی : نەخێر بە خوا هەرگیز ناوی تۆ ناسڕمەوە .

پێغەمبەری خواش ﷺ نووسراوەکەی برد ـ توانای نووسینیشی نەبوو ـ نووسی : ئەمە ئەو ڕێکەوتنامەیەیە کە لە گەڵ ( محمد بن عبدالله ) دا نووسراوەتەوە ، کە نابێت بڕواتە مەککەوە ئیللا شمشێرەکانیان لە کێلانەکانیاندا بێت .

لەم شوبهەیەدا ـ کە یەکێکە لە بەهێزترین شوبهەکانیان ـ دەڵێن : ئەم ڕیوایەتە ئاشکرایە لە سەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ خۆی هەستاوە بە کاری نووسینەکە دوای ئەوەی کە ( علي ) ﷺ ڕازی نەبوو کە ( رسول الله ) بسڕێتەوە !!!

ئەم کردارەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەڵگەیە ـ بە خەون و گومانی خۆیان ـ لەسەر ئەوەی کە نووسینی زانیوە !! کەواتە خوێندنەوەشی زانیوە ، چونکە کەسێك بتوانێت بنووسێت ، پێشتر و ئەولاتر ئەوەیە کە خوێندەواریشی هەبێت ، چونکە ئەویان بنەوایەکە بۆ ئەمیان !!!

**وەڵامی ئەم شوبهەیەش بەدوو خاڵ دەبێت :**

**یەکەم :** ئەبێ ئەوە بزانرێت کە ئەم ڕیوایەتە بە ڕاشکاوی ئامـاژە بـەوە ناکـات کە خودی پێغەمبەری خوا ﷺ هەسـتابێت بـە کـرداری نووسـینەکە ، بـەڵکو دوو ئەگەر دەگرێتەوە :

**١ / ئەگـەری ئـەوەی کـە کەسـێکی تـر و بـە فرمـانی پێغەمبـەر ﷺ نووسـیبێتیەوە ـــ لەوانەشـە ئـەو کەسـە خـودی ( علي ) بووبێـت** رضي الله عنه ، یـان هەرکەسێکی تر ، پاشان نیسبەتی کارەکە دراوەتە پاڵ ئەو ، (( لە سەر شێوازی ئەو ووتەیەی کە دەوترێت : بنى الأمير المدينة . واتە : میرەکە شارەکەی درووسـت کـرد )) [١] ، چونکە لە ڕاستیدا ئەگەر بڕوانینە ئەم ووشەیە دەبیـنین ئـەوە ناگەیـەنێت کـە خودی میرەکە هەستابێت بە درووستکردنەکە ، یان هاوشـێوەی ووتـەی ( ابن عمر ) ـە رضي الله عنه کە فەرموویەتی : (( أن النبي ﷺ نقش في خاتمه ، محمد رسول الله )) [٢] ، یان هاوشێوەی ووتەی ( أنس ) ـی کوڕی ( مالك ) ـە رضي الله عنه کە فەرموویەتی : (( أن النبي ﷺ ، اتخذ خاتما من فضة ، ونقش فيه محمد رسول الله )) [٣] ، واتە : فـەرمانی کرد بەو نەخشاندنە ، نەك ئەوەی کە خۆی کاری نەخشاندنەکەی ئەنجام دابێت .

---

[١] ( سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها على الأمة ، للعلامة الألباني : ج١ / ص ٥١٨ . ٥١٩ ، برقم : ٣٤٣ ) .

[٢] ( مسند أبي عوانة : ٥ / ٢٦٢ ، برقم : ٨٦٥٧ ) .

[٣] ( مسند أبي عوانة : ٥ / ٢٦٣ ، برقم : ٨٦٦٠ ) .

یان هاوشێوەی ووتەی ( نافع ) ـە کە فەرموویەتی : (( أن ابن عمر نقش في خاتمه اسمه ، وكان لا يلبسه )) [١] .

یان هاوشێوەی ووتەی ( جعفر ) ـی کوڕی ( محمد ) کە لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە : (( أن الحسن والحسين نقشا في خواتيمهما ذكر الله )) [٢] .

بە هەمان شێوە بۆیان نەخشێنراوە نەك خۆیان نەخشاندویانە .

## ٢ / ئەگەری ئەوی کە ئەوان دەیڵێن ، کە گوایا خودی پێغەمبەر ﷺ هەستاوە بە نووسینەکە !!!

بۆ زانینی ئەگەری هەڵبژێرراو ، و ڕاست لەم دوو ئەگەرە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەموو ڕێگە ، و گۆکانی فەرموودەکە ، پاشان حوکم لە سەر ئەگەرەکان بدەین !!!

ئەم فەرموودەیە هەریەك لە ( المسور بن مخرمة ) ، و ( مروان ) ، و ( أنس بن مالك ) رضي الله عنهم ڕیوایەتیان کردووە ، هەمووشیان کۆڕان لە سەر گێڕانەوەی بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردبێت بە ( علي ) رضي الله عنه کە نووسینەکە ئەنجام بدات ، ئەوەش بەم شێوەیە : " ... فقال النبي ﷺ : والله إني لرسول الله وإن كذبتموني ، اكتب محمد بن عبدالله ... " هەر وەك لە ( صحيح البخاري ) [٣] لە (

---

[١] ( المصنف لعبدالرزاق : كتاب الحيض / باب الخاتم ، برقم : ١٣٥٨ ) .

[٢] ( المصنف لعبدالرزاق : كتاب الحيض / باب الخاتم ، برقم : ١٣٦٥ ) .

[٣] ( صحيح البخاري : ٢ : ٩٧٧ - ٩٨٠ ، برقم : ٢٥٨١ ) .

المسور ) ، و ( مروان ) ـەوە هاتووە ، واتاکەشی ئەوەیە کە : سوێند بێت بە خـوای پەروەردگار من پێغەمبەری خوام با ئێوەش بە پێغەمبەرم نەزانن ، بنووسە ( محمد ) ـی کوڕی ( عبدالله ) ، وە لە ( صحيح مسلم ) [1] ـدا لـە ( أنس بن مالك ) ـەوە ﷺ هاتووە کە فەرموویـەتی : " ... فقال النبي ﷺ : اكتب من محمد بن عبدالله ... " .

ئەبێت ئەوە بزانرێت کە ڕیوایەتی ( البراء ) ﷺ لە بەر ئەوەی ڕاویەکان بە واتا گێڕاویانەتەوە ، ئەم ئیشکالیەتەی درووست کردووە ، بۆیە دەبینین :

ڕیوایەتی : ( عبيدالله بن موسى عن إسرائيل عن أبي إسحاق عن البراء ﷺ ) بەم شێوەیە دەیگێڕنەوە : " ثم قال النبي ﷺ لعلي بن أبي طالب ﷺ : امح رسول الله ، فقال علي : لا والله لا أمحوك أبدا . فأخذ رسول الله ﷺ الكتاب وليس يحسن يكتب ، فكتب : هذا ما قاضى عليه محمد بن عبدالله " [2] .

کەچی ڕیوایەتی : ( إبراهيم بن يوسف بن أبي إسحاق عن أبيه عن أبي إسحاق عن البراء ﷺ ) بەم شێوەیە دەیگێڕنەوە : " فقال لعلي : امح رسول الله ، فقال علي : والله لا أمحاه أبدا ، قال : فأرنيه ، قال فأراه إياه ، فمحاه النبي ﷺ بيده " [3] ،

---

[1] ( صحيح مسلم : ٣ : ١٤١١ ، برقم : ١٧٨٤ ) .

[2] ( صحيح البخاري : ٤ : ١٥٥١ ، برقم : ٤٠٠٥ ) .

[3] ( صحيح البخاري : ٣ : ١١٦٢ ، برقم : ٣٠١٣ ) .

واته : فەرمووی : باشە پیشانی خۆمی بدە ، دەڵێت : پیشانی دا ، ئەویش هەستا بە سڕینەوەی بە دەستی خۆی .

پاشان زیاد لە سەر هەموو ڕیوایەتەكانی ( البخاري ) كە لە پێشدا ئاماژەی بۆ كرا ، ڕیوایەتێكی ( ابن حبان ) هەیە كە لە ( صحيح ابن حبان ) ـدا ، و لە ( محمد بن عثمان العجلي قال : حدثنا عبيد الله بن موسى عن إسرائيل عن أبي إسحاق عن البراء رضي الله عنه ) ـەوە دەیگێڕێتەوە كە ئەمە دەقەكەیەتی : " .. فأخذ رسول الله صلى الله عليه وسلم الكتاب ، وليس يحسن يكتب ، فأمر فكتب مكان رسول الله محمداً ، فكتب : هذا ما قاضى عليه محمد بن عبدالله ، ... " [1] ، واتە : فەرمانی كرد بەوەی كە لە جێگەی ( رسول الله ) ، ( محمد ) بنووسنەوە ، و نووسرایەوە .

وە لە كۆی هەموو ئەم ڕیوایەتانەدا ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی بە ( علي ) كردووە كە " رسول الله " بسڕێتەوە ، و " بن عبدالله " ـی بخاتە شوێن ، بەڵام كە بینی ( علي ) ـی بەو كارە هەڵناسێت ، فەرمانی پێكرد كە شوێنی ووشەكەی پێ پیشان بدات ، بۆ ئەوەی خۆی بیسڕێتەوە ، و پاشان فەرمانی پێكرد كە بڕگەی " بن عبدالله " ـی لە شوێندا بنووسێتەوە ، ئەمە دەرەنجامی هەموو ڕیوایەتەكانە ، و تای تەرازووی ئەگەری یەكەم سەردەخات بە سەر ئەگەری دووەمدا .

---

[1] ( صحيح ابن حبان : ١١ / ٢٢٩ ، برقم : ٤٨٧٣ ) .

وە لەوەش زیاتر بڕگەی " فأرنيه " لە ڕیوایـەتی ( البخاري ) ـدا ئاماژەیـەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە پێویستی بە یەکێك بووە کە شوێنی بڕگـەی " رسول الله " ــی پێ پیشان بدات ، کە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر نەخوێنـدەواری پێغەمبـەر ﷺ ، نەك پێچەوانەکەی !!

سەرەڕای ئەوەش ئەو بـێ باوەڕانـەی کـە ڕێکەوتنەکـەیان لـە گـەڵ دەبەسـتن ، پەڕۆشی بەڵگەیەکی وا بوون کە بە هۆیەوە دژایەتی پێ بکەن ، و بە درۆی بخەنەوە ، جا ئەگەر وابێت !! بۆ ئەو شتەی نەگێڕڕایەوە لـە لای قورەیشـیەکان ؟!! بـۆ ئـەوەی بیکەن بە بەڵگە بۆ دژایەتیەکەیان ، جا کە ئەوەمان پێ نەگەشتبێت ئەوە دەبێت بـە بەڵگە لە سەر ڕوو نەدانی !!!

**دووەم :** بەڵام لە گەڵ هەموو ئەو بەڵگانـەش کـە باسـکران بـا وادابنـێن کـە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی هەستاوە بە نووسینی ناوی خۆی ، ئایا ئەوە دەری دەکات لەوەی کە نەخوێندەوار بووە ، یان نە ؟!!

پێشەوا ( الذهبي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەڵامی ئـەم ئەگـەرە دەخاتـە ئەسـتۆی خۆی و دەفەرم ووێت : (( ما المانع من تعلم النبي ﷺ كتابة اسمه واسم أبيه ، مع فرط ذكائه ، وقوة فهمه ، ودوام مجالسته لمن يكتب بين يديه الوحي ، والكتب إلى ملوك الطوائف ؟!! )) [١] ، واتە : چی ڕێگرە لەوەی کە پێغەمبـەری خـوا ﷺ نووسـینی ناوی خۆی ، و ناوی باوکی بزانێت ، لە گەڵ هەموو ئەو زیرەکیـە ، و بـە تواناییـەی

---

[١] ( سير أعلام النبلاء : ج ١٤ ، ص ١٩٠ ) .

کە هەیبووە لە تێگەیشتنندا ، وئەو هەموو نووسینانەش کە لە پێش چاوی دەکرا لە نووسەرانی نیگا ( وەحی ) ، ونووسەرانی نامەکانی بۆ پاشا وسەرکردەی گەلان .

کەواتە : نووسینی ناوی خۆی و باوکی لە ڕیزی نەخوێندەواران دەرناکات ، هەروەکو ئاشکرا ، و بەڵگە نەویستە ، چونکە کەسی خوێندەوار هەموو خوێندنەوە ، و نووسینێك دەزانێت ، نەك ئەگەر کەسێك تەنها ناوی خۆی ، و باوکی ، بزانێت پێی بووترێت خوێندەوار !!

**شوبهەی دووەم :** ئەو فەرموودەیەیە کە پێشەوا ( البیهقي ) لە ( عون ) ی کوڕی ( عبدالله ) وە ، ئەویش لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : " ما مات رسول الله ﷺ حتی کتب " وە لە ڕیوایەتێکە تردا هاتووە : " حتی قرأ وکتب " [1] .

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەووترێت : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی ( ضعیف ) ـە ، و خودی پێشەوا ( البیهقي ) فەرموویەتی : (( ... فهذا حدیث منقطع ، وفي رواته جماعة من الضعفاء والمجهولین والله ـ تعالی ـ أعلم )) [2] ، و پێشەوا ( الطبراني ) یش فەرموویەتی : (( هذا حدیث منكر ، وقال : أبو عقیل ضعیف ، وهذا معارض لکتاب الله تعالی )) [3] ، وە پێشەوا ( محمد ناصرالدین الألباني )

---

[1] ( السنن الکبری للبیهقي : ٧ / ٤٢ ، برقم : ١٣٠٦٩ ) .

[2] ( السنن الکبری للبیهقي : ٧ / ٤٢ ، برقم : ١٣٠٦٩ ) .

[3] **بڕوانە :** ( مجمع الزوائد : ٨ / ٢٧١ ) .

فەرموویەتی : (( موضوع )) ـە [٤] ، و ئاشکراشە فەرموودەی ( ضعیف ) ئیشی پێناکرێت .

**شوبهەی سێیەم :** ئەو ڕیوایەتەیە کە تێیدا دەڵێن گوایا ( عباس ) ـی کوڕی ( عبدالمطلب ) کابرایەکی جوولەکە لێی دەپرسێت : " هل کتب النبي ﷺ بیده ؟ " ، واتە : ئایا پێغەمبەر ﷺ بە دەستی خۆی نووسیویەتی ؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت : " فأردت أن أقول نعم ، فخشیت من أبي سفیان أن یکذبني ، و یردّ علي ، فقلت : لا یکتب " واتە : ویستم بڵێم : بەڵێ ، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکو ئەبو سوفیان بەرپەرچم بداتەوە ، و بە درۆم بخاتەوە ، ووتم : نەخێر ، قەشە جوولەکەکەش هەستا و جلەکەشی بە جێهێشت و ووتی : " ذبحت یهود وقتلت یهود " ، واتە : بەو ووتەیەت جوولەکەت سەربڕی ، جوولەکەت کوشت .

**لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەووترێت :** هێنانەوەی ئەم فەرموودەیە بەم شێوەیە چەواشەکاریەکی ئاشکرایە و درۆیەکی شاخدارە ، ئەو کاتە ئاشکرا دەبێت کە بگەڕێینەوە بۆ ژێدەر ، و سەرچاوەکانی ئەم ڕیوایەتە .

ئەم چیرۆکە پێشەوا ( الأصبهاني ) لە ( دلائل النبوة ) [١] ، و پێشەوا ( ابن کثیر ) لە ( البدایة والنهایة ) [٢] ـدا ، دەیگێڕنەوە ، و شوێنی چەواشەکاری

---

[٤] (سلسلة الأحادیث الضعیفة والموضوعة : للعلامة الألباني: ج ١/ ص ٥١٨ ، برقم : ٣٤٣ ) .

[١] ( دلائل النبوة للأصبهاني : ج ١ ، ص ٢٠٤ ) .

[٢] ( البدایة والنهایة : ج ٢ ، ص ٣١٩ ) .

چەواشەکاران ئاشکرا دەبێت ئەوەش بە بەراورد کردنی ووتەکەیان بە ڕیوایەتی هەردوو پێشەوا ( البيهقي ) ، و ( ابن كثير ) لە سەرچاوە ئاماژە پێکراوەکانیان کە ئەمە دەقەکەیەتی : " فقال الحبر اليهودي : هل كتب بيده ؟ قال العباس : فظننت أنه خير له أن يكتب بيده ، فأردت أن أقولها ، ثم ذكرت مكان أبي سفيان أنه مكذبي و رادٌّ عليَّ ، فقلت : لا يكتب . فوثب الحبر ، وترك رداءه وقال : ... " واتای ووتەکەی ( عباس ) لێرەدا ئەوەیە : وام زانی پێغەمبەری خوا ﷺ سوود مەند دەبێت بەوەی کە بڵێم : توانیویەتی بە دەستی خۆی بنووسێت ، بۆیە ویستم ئەوە بڵێم ، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکو ئەبو سوفیان بەدرۆم بخاتەوە ... ئەوەم ووت کە نەخوێندەوارە ... هتد ، کەواتە ترساوە لەوەی کە ئەبو سوفیان بە درۆی بخاتەوە ئەگەر بڵێت خوێندەوار بووە !!! خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ ﴾ ( سورة العنكبوت : ٤٣ ) .

بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە نەخوێندەواری پێغەمبەری خوا ﷺ شتێکی ئاشکرا بووە دور و نزیکی ئەو خەڵکە زانیویانە .

**شوبهەی چوارەم :** ئەو فەرمووودەیەیە كە پێشەوا ( ابن ماجه ) لە ( أنس ) ـی كوڕی ( مالك ) ـەوە رضي الله عنه دەیگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " رأيت ليلة أسرى بي على باب الجنة مكتوباً : الصدقة بعشر أمثالها ، والقرض بثمانية عشر ، فقلت : يا جبريل ، ما بال القرض أفضل من الصدقة ؟ قال : لأن السائل يسأل وعنده ، والمستقرض لا يستقرض إلا من حاجة " [١] ، واتە : لەو شەوەی كە شەوڕەویم پێكرا بینیم لە سەر دەرگاری بەهەشت نووسراوە : صەدەقە بەدە جاری خۆی پاداشت دەدرێتەوە ، و قەرزدانیش بە هەژدە جاری خۆی ، پرسیم : ئەی جبریل ، بۆچی قەرزدان باشترە لە صەدەقە ؟! ئەویش فەرمووی : چونكە ئەو كەسەی كە داوای صەدەقە دەكات هەیەتی ، كەچی ئەو كەسەی كە قەرز دەكات ، لە بەر پێویستی نەبێت قەرز ناكات .

دەڵێن : توانای خوێندنەوەش بەڵگەی خوێندەوارییەتی !!

**لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەووترێت :** ئەو فەرموودەیەی كە هێناوتانەتەوە وكردووتانە بە بەڵگە ، نابێت بە بەڵگە چونكە زۆر ( ضعيف ) ـە ، لە بەر بوونی ( خالد بن يزيد بن عبد الرحمن بن أبي مالك ) ، كە پێشەوا ( الحافظ ابن حجر ) لە (

---

[١] ( رواه ابن ماجه في : سننه : ٢ / ٨١٢ ، برقم : ٢٤٣١ ، و ضعفه العلامة الألباني في : ضعيف الجامع ، برقم : ٣٠٨٣ ، وفي : ضعيف الترهيب والترغيب : ١ / ١٣٥ ، برقم : ٥٣٥ ، وقال : ضعيف جدا ) .

التقريب ) [١] ـدا ســەبــارەتی فــەرمــوویەتی : (( ضعيف مع كونه كان فقيها ، وقد اتهمه يحي بن معين )) ، وە پرسیار کرا لە ( أبو زرعة ) سەبارەت بەم پیــاوە فــەرمووی : (( يروي أحاديث مناكير )) ، کەواتە بەم پێیە لەبەر ( ضعيف ) ـی فەرموودەکە نابێت بکرێت بەبەڵگە .

سەرەڕای ئەوەش ئەگەر وا دانرا کە فەرموودەکە ( صحيح ) ـە ، ئـەو کاتـەش هەر ئەوەی تێدا نیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ خـۆی هەسـتاوە بـەو خوێندنەوەیـە ، بەڵکو ئاشکرایە کە ( جبريل ) ـ عليه السلام ـ ـی لە گەڵدا بووە لـە بەهەشـتدا ، کە ئەگەریش لە بابەتەکەدا دروست بوو ، ئەوا هەر نابێت بکرێت بە بەڵگە بۆ ئـەو کردارە یان بۆ پێچەوانەکەی .

وە دەتوانرێت بووترێت : ئەگەری ئەوەشی تێدایـە کـە لەوانەیـە بڕگەیـەك لـە فەرموودەکە بڕا بێت ، لە کاتی گێڕانەوەی ، بۆ نموونە بووترێت بڕگەکە ئەوەیـە کـە فەرموویێتی : ... وە پرسیارم کرد لە نووسراوەکە ، لە وەڵامدا پـێم ووتـرا : ئـا بـەو شێوەیەیە .

---

[١] انظر : ( سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها على الأمة : للعلامة الألباني : ج ٤ / ص ٢٧١ ، برقم : ١٧٧٢ ) ، و ( سلسلة الأحاديث الصحيحة : للعلامة الألباني : ٥ : ٤٩ ن برقم : ٢٠٣٠ ) ، و ( إرواء الغليل : ٣ ، ٣٦١ ) .

**شوبهەی پێنجەم :** ئـەو فەرموودەیەیـە کـە پێشـەوا ( مسلم ) لـە ( صحیح )ـەکەیدا لە ( أنس )ـی کوڕی ( مالك )ـەوە ﷺ دەیگێڕێتـەوە کـە فەرموویـەتی : ئـەویش لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ فەرموویـەتی : " الدجال ممسوح العين ، ... مكتوب بين عينيه : كافر ، ثم تهجاها : ك ف ر ... " [1] .

دەڵێن : باشە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ نەخوێندەوار بـوو بێـت ، چـون ئـەو ووشەیە بەو شێوەیە حنجە کردووە ؟!!

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەووترێت : حنجەکردنی ووشەکان دوو شێوازە :

**یەکەم :** حنجە کردنی ووشەیەکی بیسـتراو ، کـە نەخوێنـدەوار ، و خوێنـدەوار تیایدا وەك یەکن .

**دووەم :** حنجەکردنی ووشە نووسراوەکان ، ئەم جۆرەیان خوێندەوار نەبێت کەسی تر توانای ئەنجام دانی نیە .

جا ئەگـەر ئەمـە ئاشکرا بـوو ، دەردەکەوێت کـە هـیچ جـۆرە بەڵگەیـەك لـە فـەرموودەکەدا نیە بۆیان ، چونکە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ووشـەکەی گـوێکردووە و پاشـان حنجـەی کردووە، بەمـەش شتێکی ئاساییە لە نەخـوێندەواریش دەوەشێتەوە.

وە پێشەوا ( القرطبي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو بارەیـەوە فەرموویـەتی : (( فإن قيل : فقد تهجى النبي ﷺ حين ذكر الدجال ، فقال : ( مكتوب بين عينيه : ك ا ف ر ) ، وقلتم : إن المعجزة قائمة في كونه أميا ؛ قال الله تعالى : ﴿ وَمَا كُنْتَ تَتْلُواْ مِن

---

[1] ( صحيح مسلم : ٤ : ٢٢٤٨ ، برقم : ٢٩٣٣ ) .

قَبْلِهِ مِن كِتَـٰبٍ ﴾ الآية ، وقال ﷺ : " إنا أمة أمية ، لا نكتب ، ولا نحسب " فكيف هذا ؟

واتە : ئەگەر ووترا : خۆ پێغەمبەری خوا ﷺ لە كاتێكدا كـە باسـی دەجـالی كرد پیتەكانی حنجـەكرد ، و فـەرمووی : لـە نێـو چـاوانی نووسـراوە : ك ا ف ر ، ئێوەش دەڵێن یەكێك لـە موعجیزەكـانی پێغەمبەرەكـەمان ئەوەیـە كـە كەسـێكی نەخوێندەوار بووە ، و خوای پەروەردگاریش فەرموویـەتی : ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِ مِن كِتَـٰبٍ ﴾ ئایەتەكە ، و پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : " ئێمە ئومەتێكی نەخوێدەوارین نە دەنووسین ، و نەش دەخوێینەوە " ئەی ئەمە چۆن دەبێت ؟!!

فالجواب : ما نص عليه ﷺ في حديث حذيفة ، والحديث كالقرآن يفسر بعضه بعضا ، ففي حديث حذيفة : " يقرؤه كل مؤمن ، **كاتـب ، وغـير كاتـب** " [(١)] ، فقد نص في ذلك على غير الكاتب ، ممن يكون أميا ، وهذا من أوضح ما يكون جليا )) [(٢)] ، واتە : وەڵامدانەوەی ئەم شوبهەیە ئەوەیە كـە لـە فـەرموودەی ( حذيفة ) ـدا هاتووە ، ئاشكرا ، و زانراویشە كە فەرموودەكانی پێغەمبەری خواش ﷺ هـەروەكو قورئان وایە لەوەی كە یـەكتر ڕوون دەكەنـەوە ، لـە فەرموودەكـەی ( حذيفة ) ـدا هاتووە كە : " هەموو كەسێكی بڕوادار دەیخوێنێتەوە ، توانـای نووسـینی هـەبێت ، یان نە " ئەمەش بە ڕاشكاوی ئاماژە بەوە دەكات كە ئەو كەسانەش دەگرێتـەوە كـە

---

(١) ( رواه مسلم : ٤ : ٢٢٤٨ ، برقم : ٢٩٣٣ ) .

(٢) ( تفسير القرطبي : ج ١٣ ، ص ٣٥٣ ) .

توانای نووسینیان نیە ، لەو کەسانەی کە نەخوێندەوارن ، ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرایە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو شوبهەیە .

**شوبهەی شەشەم : دەڵێن :** یەکەم ئایەتێك کە دابەزی بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ ، ئەو ئایەتە بوو کە دەفەرمویت : ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾ ، لە باسی ئەم ئایەتەدا هاتووە کە کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ دەکرێت بە خوێندنەوە لە وەڵامدا ، لە هەندێك ڕیوایەتەکاندا هاتووە فەرمووی : " وما أقرأ ؟ " ، واتە : چی بخوێنمەوە ؟ کە ئەمەش زیاتر ئەگەری خوێندەوارێتی بەهێزتر دەکات !!

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەووترێت : لە ( صحیح ) ی پێشەوا ( البخاري ) ، و ( مسلم ) یشدا هاتووە ، لە ( عائشة ) وە - ڕەزای خوای لێ بێت - دەگێڕنەوە ، کە فەرموویەتی : " أول ما بدئ به رسول الله ﷺ من الوحي الرؤيا الصادقة في النوم ؛ فكان لا يرى رؤيا إلا جاءت مثل فلق الصبح ، ثم حبب إليه الخلاء ، فكان يخلو بغار حراء ، يتحنث فيه الليالي ذوات العدد ، قبل أن يرجع إلى أهله ويتزود لذلك ؛ ثم يرجع إلى خديجة فيتزود لمثلها ؛ حتى فجئه الحق وهو في غار حراء ، فجاءه الملك ، فقال : ﴿ اقْرَأْ ﴾ فقال : ما أنا بقارئ . قال . فأخذني فغطني ، حتى بلغ مني الجهد ، ثم أرسلني ، قال : ﴿ اقْرَأْ ﴾ ، فقلت : ما أنا بقارئ ، فأخذني فغطني الثالثة حتى بلغ مني الجهد ، ثم أرسلني ، فقال : ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ

خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴾ ( سورة العلق : ١ ـ ٥ ) " [١] .

**واتە : لە ئەشکەوتی ( حِراء ) ـدا بۆ یەکەم جار کە سروشم بۆ هاتـە خـوارەوە سێ جار ( جبریل ) پێی فەرمووم : بخوێنە ، منیش لە وەڵامدا هـەموو جارێـك پـێم دەووت : من خوێندەوار نیم ، یان من توانای خوێندنەوەم نیە ، تـاکو لـە دواجـاردا ئەو ئایەتەی بەسەردا خوێندمەوە :** ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴾ .

**لێرەدا ئەبێت ئەوە بووترێت : بەڕاستی ئەگەر ئەو کەسانەی کـە ئـەم شـوبهەیە دەخەنە ڕوو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەیان بویستایە ئەبێت بـەم بەڵگەیـە ملکـەچ ببایـەن ، چـونکە بـە ڕاشـکاوی ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە نەخوێنـدەوار بـووە ، و دەفەرموێت : " ما أنا بقارئ " ، نەك ئـەوەی کـە ڕیوایـەتێکی ( شاذ ) بکـەن بـە بەڵگە بۆ مەبەستیان ، و ڕیوایەتە جێگیر ، و سەلمێنراوەکە پشت گوێ بخەن !!**

---

[١] ( صحیح البخاري : ٦ / ٢٥٦١ ، برقم : ٦٥٨١ ، و صحیح مسلم : ١ / ١٣٩ ـ ١٤٠ ، برقم : ١٦٠ ) .

**شوبهەی حەوتەم وکۆتایی** : دەڵێن : بۆ ئـەبێت ( علي ) کـوڕی ( أبو طالب ) ﵁ ، بە شێوەیەکی تەواو خوێندنەوە ، و نووسین بزانێت ، لە کاتێکدا کە لـە گـەڵ پێغەمبەردا ﷺ ، لە هەمان مـاڵی مامیـدا پـەروەردە بوبێـت ؟!! بۆیـە لەگـەڵ مەنتقی عەقڵدا ناگونجێت ئەویان بە تەنها فێر بوو بێت ، ئەمیان نەخوێندەوار بێـت !!

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەووترێت : ووتەیەکی لەم جـۆرە هـیچ پێویسـت بـە وەڵامدانەوە ناکات ، لەبەر ئەوەی زۆر لەوە لاوازتـر ، و ترۆتـرە کـە وەڵام بدرێتـەوە ، چونکە ئەگەر بەو ( ووتە لۆژیـك و مەنتقیەیـە !! ) ـی ئـەوان بێـت ـ هـەروەکو هەمیشە لاف و گەزافی بۆ لێدەدەن ـ ئەبێت هەر ماڵێك کـە خوێنـدەوارێکی تێـدا بێت ، بەڵگە بێت لە سەر خوێندەواری هەموو تاکەکانی ئەو ماڵە !!! توخوا ئەوەیان لە گەڵ مەنتقی عەقڵدا ناکۆك ، و ناتەبایە ؟ یان ئەم ووتە پڕو پوچەی ئەوان ؟! ئەم پرسیارەش پێویست بە وەڵام ناکات .

باوەڕیش ناکەم ئەم ووتە پڕوپوچە پێویست بە هێنانەوەی بەڵگە بکـات ، جگـە لەوەی کە بووترێت : واقیع باشترین گەواهیدەرەێکە لە سەر بێ بنەوایی ووتەکەیان ، وڕاستی وەڵامدانەوەکەی ، چونکە ماڵی وا هەیە لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا کـە زیـاد لـە پێنج سەر خێزانن بەڵام کەچی کەمینەیان خوێندەوارن ، وزۆرینەشیان نەخوێندەوار ، لە بەر چەندەها هۆکاری جۆراوجۆر .

وە لە کۆتایدا ئەبێت ئەوەش بووترێـت : ئـەوەی کـە ڕۆژهـەڵات ناسـانی خـاچ پەرست دوای هەموو ئەو لاف و گەزافەی کە داویانە بە ناو زانستی و بێ لایەنییان ،

و پێی گەیشتوون !! لە گەڵ ئەوەش کە ئیستا لەو ڕەشکراوانەدا ـ کە لە شێوەی نووسینن ـ دەردەکەوێت و لە نێو لاوانی ئەم گەلە موسڵمانەدا بڵاو دەبێتەوە ، کە گومان دەخەنە دڵیانەوە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ کەسێکی خوێندەوار بووە !! لە پێش ئەو ڕاستیەدا هیچ خۆ ڕاگر نیە کە خەڵکی مەککە هەموو وورد و درشتی بەسەرهاتی ژیانی ئەم پێغەمبەرەیان دەزانی ، و هەموو ڕاست و پاکێتی یەکیان دەزانی سەبارەت بە ئەو ، لە گەڵ هەموو ئەو دژایەتیەش کە دەیانکرد ، لە گەڵ ئەوەشدا دانیان بەوەدا دەنا کە کەسێکی نەخوێندەوار بوو ، هەروەکو خوای پەروەردگار سەبارەت بەوان فەرموویەتی : ﴿ وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ ( الفرقان : ٥ ) ، چونکە کە دەیانووت : (( اكْتَتَبَهَا )) مەبەستیان ئەوە بوو کە : بۆی نووسراوەتەوە ، و بە سەریدا دەخوێنرێتەوە بەیانیان ، و ئێواران ، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر نەخوێندەوارێتی .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

## ژێدەر و سەرچاوەکان :

١ ـ تفسير القرآن العظيم ، الإمام الحافظ عماد الدين أبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي ، ٨ مجلدات ، ٨ أجزاء ، المكتبة التوفيقية ـ القاهرة / مصر ، علق عليه وخرج أحاديثه : هاني الحاج ، رُجِعَت أحاديث هذا الكتاب على كتب فضيلة العلامة محمد ناصرالدين الألباني .

٢ ـ تفسير القرآن العظيم ، الإمام الحافظ عماد الدين أبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي ، ٤ مجلدات ، ٨ أجزاء ،مكتبة الصفا ، القاهرة / مصر ، خرج أحاديثه : محمود بن الجميل ، و وليد بن محمد بن سلامة ، و خالد بن محمد بن عثمان ، متضمنة تحقيقات العلامة محمد ناصرالدين الألباني ، ط ١ ، سنة الطبع : ١٤٢٥ هـ ـ ٢٠٠٤ م .

٣ ـ تفسير القرآن العظيم ، الإمام الحافظ عماد الدين أبي الفداء أسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي ، دار الفكر ـ بيروت / لبنان ، سنة النشر : ١٤٠١ هـ ، عدد الأجزاء : ٤ .

٤ ـ معالم التنزيل ، الإمام أبو محمد الحسين بن مسعمد الفراء البغوي ، ٤ أجزاء ، دار المعرفة ـ بيروت ، سنة النشر : ١٤٠٧ هـ ـ ١٩٨٧ م ، ط ٢ ، تحقق : خالد العك ، و مروان سوار .

٥ ـ تيسر الكريم الرحمن في تفسيركلام المنان ، تأليف : العلامة الشيخ عبدالرحمن الناصر السعدي ، قدم له : فضيلة الشيخ : محمد بن صالح العثيمين ، و عبدالله بن عبدالعزيز بن عقيل ، تحقيق ، عبدالرحمن بن معلا اللويحق / دار العاصمة ـ رياض ، ط ١ ، ١٤٢٣ هـ ـ ٢٠٠٢ م .

٦ ـ تيسر الكريم الرحمن في تفسيركلام المنان ، تأليف : العلامة الشيخ عبدالرحمن الناصر السعدي ، قدم له محمد بن صالح العثيمين ، تحقيق وتعليق : مجدي فتحي السيد ، و مصطفى شتات ، راجعه : إبراهيم أمين محمد ، المكتبة التوفيقية ، القاهرة ـ مصر .

٧ ـ تيسر الكريم الرحمن في تفسيركلام المنان ، تأليف : العلامة الشيخ عبدالرحمن الناصر السعدي ، اعتنى به وأعده للنشر : الدكتور محمد محمد ثامر ، مؤسسة المختار ـ القاهرة ، ط ١ ، ١٤٢٦ هـ ـ ٢٠٠٥ م .

٨ ـ لسان العرب ، محمد بن مكرم بن منظور الأفريقي المصري ، دار الصدر ـ بيروت ، ط ١ ، عدد الأجزاء : ١٥ .

٩ ـ غريب الحديث ، أبو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة الكردي الدينوري ، تحقيق : الدكتور عبدالله الجبوري ، مطبعة العاني ـ بغداد ، ط ١ ، سنة النشر : ١٣٩٧ م ، عدد الأجزاء : ٣ .

١٠ ـ مفردات ألفاظ القرآن ، تأليف العلامة : الراغب الأصبهاني ، تحقيق : صفوان عدنان داوودي ، دار العلم ـ دمشق ، والدار الشامية ـ بيروت ، ط ١ ، ١٤١٦ هـ ـ ١٩٩٦ م ، عدد الأجزاء : ١ .

١١ ـ الأعتصام ، لأبي إسحاق الشاطبي إبراهيم بن موسى اللخمي الغرناطي المالكي ، تحقيق : مكتبة تحقيق التراث ، دار أحياء التراث التراث العربي ، و موئسسة التاريخ العربي ، بيروت ـ لبنان .

١٢ ـ جامع البيان عن تأويل آي القرآن ، أبو جعفر محمد بن جرير بن يزيد بن خالد الطبري ، دار الفكر ـ بيروت ، ١٤٠٥ هـ ، عدد الأجزاء : ٣٠ .

١٣ ـ فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير ، تأليف : محمد بن علي الشوكاني ، دار الفكر ـ بيروت ، عدد الأجزاء : ٥ .

١٤ ـ الجامع لأحكام القرآن ، أبو عبدالله محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرج القرطبي ، دار الشعب ـ القاهرة ، تحقيق : أحمد عبدالعليم البردوني ، سنة النشر : ١٣٧٢ هـ ، ط ٢ ، عدد الأجزاء : ٢٠ .

١٥ ـ تفسير مفاتيح الغيب للفخر الرازي ، تحقيق : العلامة المحقق عبد الرحمن بن يحي بن علي لمعلمي .

١٦ ـ السيرة النبوية في ضوء المصادر الأصلية ـ دراسة تحليلية ، تأليف : الدكتور مهدي رزق الله أحمد ، الطبعة الأولى : ١٤١٢ هـ ، ١٩٩٢ م .

١٧ ـ صحيح البخاري ، للإمام محمد بن إسماعيل أبي عبدالله البخاري الجعفي ،تحقيق : الدكتور مصطفى ديب البغا ، دار ابن كثير ـ اليمامة ـ بيروت ، ١٤٠٧ هـ ـ ١٩٨٧ م ، ط ٣ ، عددالأجزاء : ٦ .

١٨ ـ صحيح مسلم ، للإمام مسلم بن حجاج أبي الحسين القشيري النيسابوري ، دار إحياء التراث العربي ، بيروت ـ لبنان ، تحقيق : محمد فؤاد عبدالباقي ، عددالأجزاء : ٥ .

١٩ ـ صحيح ابن حبان ، لأبي حاتم محمد بن حبان بن أحمد التميمي البستي ، تحقيق : شعيب الأرنؤوط ، مؤسسة الرسالة ـ بيروت ، ١٤١٤ هـ ـ ١٩٩٣ م ، ط ٢ ، عدد الأجزاء : ١٨ .

٢٠ ـ السنن الكبرى للبيهقي ، لأبي بكر البيهقي أحمد بن حسين بن موسى ، تحقيق : محمد عبدالقادر عطا ، مكتبة دار الباز ـ مكة المكرمة ، ١٤١٤ هـ ـ ١٩٩٤ م ، عدد الأجزاء : ١٠ .

٢١ ـ أخبار مكة ، لمحمد بن إسحاق بن عباس للفاكهي أبي عبدالله ، تحقيق : عبدالملك بن عبدالله دهيش ، دار خضر ـ بيروت ، ١٤١٤ هـ ، ط ٢ ، عددالأجزاء : ٦ .

٢٢ ـ سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة / العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع ـ الرياض الطبعة الثانية ١٤٢٠ هـ ، ٢٠٠٠ م ، عدد الأجزاء : ١٣ .

٢٣ ـ دلائل النبوة ، لإسماعيل بن محمد بن الفظل التميمي الأصبهاني ، تحقيق : محمد محمد الحداد ، دار الطيبة ـ الرياض ، ١٤٠٩ هـ ، ط ١ ، عدد الأجزاء : ١ .

٢٤ ـ البداية والنهاية ، لأبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي ، مكتبة المعارف ـ بيروت ، عدد الأجزاء : ١٤ .

٢٥ ـ سنن ابن ماجة ، لأبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني ، تحقيق : محمد فؤاد عبالباقي ، دار الفكر ـ بيروت ، عدد الأجزاء : ٢ .

٢٦ ـ سير أعلام النبلاء ، لأبي عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز الذهبي ، تحقيق : شعيب الأرنؤوط ، ومحمد نعيم العرقسوسي ، مؤسسة الرسالة ، بيروت ـ لبنان ، ١٤١٣ هـ ، ط ٩ ، عدد الأجزاء : ٢٣ .

٢٧ ـ المصباح المنير ، أحمد بن محمد بن علي المقري الفيومي ، المكتبة العلمية ـ بيروت ، عدد الأجزاء : ٢ .

٢٨ ـ التوقيف على مهمات التعاريف ، محمد عبدالرؤوف المناوي ، دار الفكر المعصرة ـ دار الفكر ، بيروت ـ دمشق ، تحقيق : الدكتور محمد رضوان الداية ، سنة النشر : ١٤١٠ هـ ، ط ١ ، عدد الأجزاء : ١.

٢٩ ـ المطلع على أبواب المقنع ، تأليف : الإمام أبي عبدالله محمد بن أبي الفتح البعلي الحنبلي ، تحقيق : محمد بشير الأدلبي ، سنة النشر : ١٤٠١ هـ ـ ١٩٨١ م ، دار النشر : المكتب الإسلامي ، ط ١ ، عدد الأجزاء : ١ .

٣٠ ـ تاريخنا بين تزوير الأعداء وغفلة الأبناء تأليف : يوسف العظم ، دار القلم ـ دمشق ، الدار الشامية ـ بيروت ، ط ١ .

٣١ ـ الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح : أبو العباس أحمد بن عبدالحليم بن تيمية الحراني الدمشقي ، دار العاصمة ـ الرياض ، بتحقيق : د ـ علي حسن ناصر ، و د ـ عبدالعزيز إبراهيم العسكر ، و د ـ حمدان محمد ، ط ١ ، عدد الأجزاء : ٦ .

٣٢ ـ نبوة محمد من الشك إلى اليقين تأليف : الدكتور فاضل صالح السامرآئي ، مكتبة القدس ـ بغداد ، الطبعة الثانية ، ١٤٠٣ هـ ، ١٩٨٣ م .

٣٣ ـ فتح الباري بشرح صحيح البخاري ، للإمام أحمد بن علي بن حجر العسقلاني ، تعليق : الشيخ العلامة عبدالعزيز عبدالله بن باز ، مكتبة الصفا ، ط ١ ، ١٤٢٤ هـ ـ ٢٠٠٣ م ، عدد الأجزاء : ١٥ .

٣٤ ـ صحيح مسلم بشرح الأمام النووي ، رقم وخرج أحاديثه : محمد فؤاد عبدالباقي ، حققه : الشيخ عرفان حسونة ، دار أحياء التراث العربي ، بيروت ـ لبنان ، عدد الأجزاء ١٠ .

٣٥ ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة وشئ من فقهها وفوائدها / العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع ـ الرياض ، الطبعة الثانية ١٤١٥ هـ ، ١٩٩٥ م ، عدد الأجزاء : ١١ .

٣٦ ـ المصنف ، للإمام الحافظ أبي بكر عبدالرزاق بن همام بن نافع الصنعاني ، تحقيق : أيمن نصرالدين الأزهري ، دار الحديث العلمية ـ بيروت ـ لبنان ، ط ١ ، ١٤٢١ هـ ـ ٢٠٠٠ م ، عدد الأجزاء : ١٢.

٣٧ ـ إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل ، للشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني ، المكتب الإسلامي ـ بيروت ، ط ٢ ، ١٤٠٥هـ ـ ١٩٨٥م ، عدد الأجزاء : ٨ .

٣٨ . ضعيف الترهيب والترغيب ، للشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني ، مكتبة المعارف – الرياض ، عدد الأجزاء : ٢ .

٣٩ . صحيح وضعيف الجامع الصغير ، للشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألباني .

٤٠ . إتقان ما يحسن من الأخبار الدائرة على الألسن ، محمد بن محمد بن محمد الغزي ، تحقيق : خليل محمد العربي ، الفاروق الحديثة . القاهرة ، ١٤١٥ هـ ، ط ١ ، عدد الأجزاء : ٢ .

٤١ . مسند أبي عوانة ، لأبي عوانة يعقوب بن إسحاق الأسفرائيني ، تحقيق : أيمن بن عارف الدمشقي ، دار المعرفة . بيروت ، ١٩٩٨ م ، ط ١ ، عدد الأجزاء : ٥ .

٤٢ . مجمع الزوائد ، علي ابن أبي بكر الهيثمي ، دار الريان للتراث . القاهرة ، دار الكتاب العربي . بيروت ، ١٤٠٧ هـ ، عدد الأجزاء : ١٠ .

٤٣ . فيض القدير شرح الجامع الصغير / للمناوي .